# کاریگەریی ئەدەبیاتی دینی لە بەهێزکردنی شووناسی نەتەوەیی هەڵسەنگاندێک بۆ کتێبە دینییەکانی شێخ محەمەدی خاڵ

د.مەجید ساڵح
توێژەرو لێکۆڵەر

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە : ٢٠٢٤/٩/١٥ بەرواری بڵاوکردنەوەی توێژینەوە : ٢٠٢٥/٣/٩

**پوختەی توێژینەوەیەکە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ڕێگەی گرنگیدان بە بەرهەمەکانی شێخ محەمەد خاڵ، لەو ڕۆڵە دەکۆڵێتەوە، کە ئەدەبیاتی دینی نووسراو بە زمانی کوردی لە بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی کورددا گێراویەتی. توێژینەوەکە پێداچوونەوەیەکە بە چۆنیەتی ئاوێتەبوونی ئەدەبیاتی دینی و ناسیۆنالیزم لە باشووری کوردستانی، بەو پێیەی نووسین و گوتارە دینییەکان لە سەرەتای سەرهەڵدانی بزوتنەوەی کوردایەتی لە باشووردا ئامرازێکی بەهێز بوون لە پاراستنی شووناسی کولتووری و نەتەوەیی گەلی کورد، بەتایبەتی لەو قۆناغانەی کە ستەم و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کورد بوون لەلایەن ڕژێمی داگیرکەریی عێراقەوە پەرەی دەسەند.

ئەم لێکۆڵینەوە لە ڕێگەی شیکاری بەشێک لە کتێبە دینییەکانی شێخ محەمەد خاڵەوە، باس لە ڕەهەندە فیکرییەکانی ئەدەبیاتی دینی دەکات لە بەرەوپێشبردنی شووناسی نەتەوەیی دا، ئەوە دەخاتە ڕوو چۆن شێخ محەمەد توانیوویەتی سەرکەوتووانە بنەما ئاینییەکان لەگەڵ بەها نەتەوەییەکان ئاوێتە بکات بۆ بەرزکردنەوەی هەستی یەکگرتوویی و بەرەنگاربوونەوەی هەوڵەکانی سڕینەوەی کولتووری و چۆن دینی کردووەتە ئامرازێک بۆ گەشەپێدانی هەستی نیشتمانپەرەوەری بۆ دروستکردنی یەکێتی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی، هەروەها تیشک دەخرێتە سەر ئەوەی کە چۆن لە ڕێگەی نووسینی بابەت و گوتاری دینییەوە زمانی کوردی دەوڵەمەند و تاڕادەیەکیش پیرۆز کردووە.

لێکۆڵینەوەکە بەو ئەنجامە دەگات، کە ئەدەبیاتی دینی کوردی، لە سەر دەستی شێخ محەمەد خاڵەوە، کاریگەریی گەورەی هەبووە لە پاڵپشتی کردن و بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی لە کوردستان.

**کلیلی وشەکان:**
گوتاری دینی، ناسنامەی نەتەوەیی، کتێبی دینی کوردی، ناسیۆنالیزم

## ١. پێشەکی

ناسنامەی نەتەوەیی ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە دروستبوونی کۆمەڵگەکان و پاراستنی یەکگرتوویی ناوخۆیی، ئەوەی پەیوەندیدارە بە کوردەوارییەوە، شووناسی نەتەوەیی بەشێکی دانەبڕاوە لە مێژوو و خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد. لە نێو ئەو فاکتەرانەی کە ڕۆڵیان لە دروست بوونی ئەم شووناسەدا بینیوە، هەمیشە ئەدەبیاتی دینی ئامرازێکی گرنگ و کاریگەر بووە، چونکە ئامرازێکی دوولایەنەیە، بە واتایەکی دیکە هەم دەتوانێ ڕۆڵ لە بەهێزکردنی شووناسی نەتەوەییدا ببینێ و هەمیش دەکرێ بکرێتە کەرەستەیەک بۆ تێکدان و لاوازکردنی کۆمەڵگە.

ئامانجی ئەم بابەتە لێکۆڵینەوەیە لە سەر کاریگەریی ئەدەبیاتی دینی لە سەر داڕشتنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد، لە ڕێگەی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی هەندێ لە وتار و کتێبە دینییەکان بە زمانی کوردی بە تایبەت کتێبەکانی شێخ محەمەد خاڵ وەک یەکێک لەو کەسایەتییە دینییە دیارانەی، کە بە ڕوونی جێ پەنجەی بەسەر کولتوور کۆمەڵگەی کوردی دیارە. شێخ محەمەدی خاڵ لە ڕێگەی بەرهەمە فکری و دینییە گرنگەکانییەوە کە زۆربەیانی بە زمانی دایکی نووسیوە، ڕۆڵێکی زۆری لە پێشخستنی کولتوور و ناسنامەی نەتەوەیی کوردیدا دیوە.

لێکۆڵینەوەکە باس لەوە دەکات، کە چۆن شێخ محەمەدی خاڵ ئەدەبیاتی دینی خستوەتە خزمەتی پتەوکردنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد و گەشەپێدانی ئایدیای ناسیۆنالیزم لە ناو خەڵکدا و چۆن لە ڕێگەی دەقە دینییەکانییەوە کاریگەریی لەسەر پرسە نەتەوەییەکان هەبووە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە ڕێگەی دەستنیشان کردنی کۆمەڵێ دەقی هەڵبژێردراوی کتێبەکانی، شیکاری ناوەڕۆکیان بۆ دەکرێ و پەردە لەسەر ئەو پەیامانەی کە بۆ کۆمەڵگەکەی هەیبووە هەڵ دەدرێتەوە، هەروەها باس لەوە دەکرێ، کە چۆن ئەو پەیامانە ڕۆڵیان هەبووە لە بەهێزکردن، یان پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردیدا.

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ تیشک خستنە سەر پەیوەندی ئاڵۆزی نێوان دین و ناسیۆنالیزم لە چوارچێوەی حاڵەتی کۆمەڵگەی کوردی و لەو ڕۆڵە تێبگەین، کە ئەدەبیاتی دینی لە بنیاتنانەوە و پاراستنی شووناسی نەتەوەیی کوردیدا دەیگێڕێت.

### ١-١ پرسیار و گریمانەی لێکۆڵینەوەکە

تەفسیر و راڤە کردنی قورئان و نوسینی دەقی دینی بە زمانی کوردی وەک ئامرازێکی گرنگ بەدەست ناسیۆنالیستەکانی کوردەوە چ کاریگەرییەکی هەبووە لە پەرەسەندن و فراوانکردنی زمانی کوردی و پەرە سەندنی ناسیۆنالیزم لە ناو خەڵکدا؟

توێژینەوەکە لەسەر گریمانەیەکی سەرەکی بونیاد نراوە، کە نووسینی دەقی دینی بە زمانی کوردی دەتوانێت ئامرازێکی بەهێز بێت بۆ پێشخستنی زمانی کوردی و بڵاوکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی لەناو جەماوەردا.

### ١-٢ میتۆدی لێکۆڵینەوەکە

بۆ لێکۆڵینەوە لە کاریگەریی ئەدەبیاتی دینیکوردی لەسەر بەهێزکردنی شووناسی نەتەوەیی کورد، میتۆدلۆژیای شیکاریی وەسفیی و مێژوویی ئامرازێکی گرنگن بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی گوتاری دینی لە داڕشتن شووناسی نەتەوەیی. لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەم دوو میتۆدلۆژیایە بۆ شیکردنەوەی کتێبەکانی شێخ محەمەدی خاڵ بەکاردەهێنرێت کە بە گرنگترین سەرچاوە ئەدەبیاتی دینیدادەنرێن لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

تێکەڵکردنی میتۆدۆلۆژیای شیکاری وەسفیی و میتۆدۆلۆژیای مێژوویی، چوارچێوەیەکی تەواومان سەبارەت بە کاریگەرییەکانی ئەدەبیاتی دینیکوردی لە بەهێزکردنی شووناسی نەتەوەیی کورددا پیشان دەدا. لە ڕێگەی شیکاری وەسفیی ناوەڕۆکی دەقە دینییەکان، و شیکردنەوەی مێژوویی پەرەسەندنی ئەم دەقانە لە چوارچێوەی کرۆنۆلۆژی خۆیاندا، دەتوانرێت بگەینە تێگەیشتنێکی قووڵتر لە کاریگەریی دین لە داڕشتنی شووناسی نەتەوەیی.

### ١-٣ پێناسەی زاراوەکان:

#### ١-٣-١ گوتاری دینیی

پرسیاری پێناسەی (ئەدەبیاتی دینی)م لە ژیری دەستکرد (Chat GPT) کرد، لە وەڵامدا نووسی: "جۆرێکە لە ئەدەبیات کە ناوەڕۆکەکانیان لە ڕێگەی دەقی نووسراوەوە باس لە بابەتە دینی و چەمک و بەها ڕۆحی و ئەخلاقی و فیکرییەکان دەکات. ئەدەبیاتی دینی چەندین شێوەی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، لەوانە دەقی کتێبە پیرۆزەکان، تەفسیری کتێبە پیرۆزەکان، شیعر، نزا و پاڕانەوە، ژیاننامەی کەسایەتییە پیرۆز و ناودارەکان، ئەو چیرۆکانە، کە ڕەنگدانەوەی ئەزموونە ڕۆحییەکانن و بابەتەکانی پەیوەست بە ئیمان دەگێرنەوە.

ئەدەبیاتی دینی ئامانجی بڵاوکردنەوەی زانستی دینی و بەرەوپێشبردنی رەوشت و بەها دینییەکان و پێشکەشکردنی ئامۆژگاری ڕۆحییە بە تاکەکانی کۆمەڵگە. ئامرازێکە بۆ قووڵکردنەوەی تێگەیشتنی دینی و باشتر کردنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خوای خۆی و بەهێز کردنی پەیوەندی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە لەڕێگەی دروستکردنی بەهای هاوبەش." (Chat GPT)

#### ١-٣-٢ ناسنامەی نەتەوەیی

شووناسی نەتەوەیی، ناسنامەیەکی ڕێژەیی و مێژوویی نەتەوەیەکە لە ڕێگەی کارلێک کردن، یان پەیوەندییە دیالکتیکییەکانی لەگەڵ مێژوودا بە دەستی دەهێنێت و لە جەوهەرێکی سروشتییەوە بە میرات وەری ناگرێت، بەڵکو بەرسڤێکە لە گەڵ گۆڕینی بارودۆخی کۆمەڵایەتی مێژووییدا دەگۆڕێت.. (البیطار، ١٩٨٢: ٩-١٠)

لەو پێناسەوە دەکرێ بڵێین: پێکهێنەرەکانی شووناسی نەتەوەیی بریتیین لە خاکێکی هاوبەش، نەژاد، یان ڕەگەزێکی هاوبەش، یاخود کولتوورێکی یەکگرتوو، یا دینێکی هاوبەش، یاخود باوەڕێک کە تاکەکان لە ڕێگەیەوە کار بۆ دروست کردنی نەتەوە دەکەن، یان زمانێک کەلەپووری ئەو نەتەوەیە دەگوازێتەوە و ئەندامەکانی لە ڕێگەیەوە لەگەڵ یەکتردا پەیوەندی دەبەستن، هەروەها شووناسی نەتەوەیی داب و نەریت، مێژوو، چارەنووسی هاوبەش ، ئیرادەی و بڕیاری بە کۆمەڵ لەخۆ دەگرێ.

**٣-٣-١ پەیوەندی ئەدەبیاتی دینیی و شووناسیی نەتەوەیی**

ئەدەبیاتی دینی و شووناسیی نەتەوەیی بەشێوەیەکی ئاڵۆز لێکدراوون، کە بە پێی بەستێنی مێژوویی و کولتووری هەر کۆمەڵگەیەک دەگۆڕێت. ناسیۆنالیزم و ئەدەبیاتی دینی دەتوانن بە شێوەیەکی بەرچاو سەریەک بخەن، بە تایبەت لەو کۆمەڵگەیانەی، کە دین بەشێکی جەوهەرییە لە شووناسیی نەتەوەییاندا.

١. بەهێزکردنی شووناسی کولتووری: زۆرجار ئەدەبیاتی دینی لە ڕێگەی تیشک خستنە سەر ئەو بەها و باوەڕانەی، کە بەشێکن لە میراتی دینی نەتەوەیەک، بۆ بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی بەکاردەهێنرێت. ئەمەش دەتوانێت پەیوەندییە کولتووری و مێژووییەکانی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە بەهێز بکات و پەرە بە هەستی نەتەوەیی بدات.

٢. ئەدەبیاتی دینی وەک ئامرازێکی سیاسی: هەندێکجار، ئەدەبیاتی دینی وەک ئامرازێک بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجە نەتەوەییەکان بەکاردەهێنرێت. ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆیەک، کە دەقە دینییەکان بە شێوەیەک لێک بدرێنەوە خزمەت بە ئامانجە سیاسییەکان بکات، وەک دووپات کردنەوەی باڵادەستی نەتەوەیی، یان داوای یەکگرتوویی لە بەرامبەر هەڕەشە دەرەکییەکاندا.

٣. فرەیی و ململانێ: لە کۆمەڵگە فرە کولتوری و فرە دینیەکاندا، ئەدەبیاتی دینی دەتوانێت لە ڕێگەی جەختکردنەوە لەسەر شووناسی نەتەوەیی و خاوکردنەوەی ناکۆکییە مەزهەبی و دینییەکانەوە، پرسی نەتەوەیی پێشبخات.

بەم شێوەیە ئەدەبیاتی دینی دەتوانێت ڕۆڵێکی ئەرێنی بگێڕێت لە بەرەوپێشبردنی شووناسی نەتەوەیی و پتەو کردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام دەتوانێت سەرچاوەی گرژیش بێت ئەگەر بۆ پاساوهێنانەوە بۆ ناکۆکی، یان بەهێزکردنی جیاوازی نێوان گەلان بەکار بهێنرێت.

**٢. پێشەکییەکی مێژوویی**

**١-٢ دۆخی سیاسی و ڕۆشنبیریی کوردستان لە دوای یەکەمین جەنگی جیهانی**

دوای یەکەمین جەنگی جیهانی ، بەشێک لە ناسیونالیستە کورد هەوڵیان دەدا مێژووی کورد پەیوەند بکەنەوە بە مێژووی پێش هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان، بە مانایەکی دیکە دەیانویست ناسنامەی خۆیان لە ناسنامەی ئیسلامی جیاواز پیشان بدەن، تەنانەت دەیانوسیت دۆخی کورد پێش ئەو قۆناغە بە دۆخێکی شکۆدار پیشان بدەن و بە شێوەیەک لە شێوازەکان ئەوە بسەلمێنن کە هۆکاری ئەم دواکەوتوویەی کە ئێستا کوردی تێدا دەژی بۆ ئاینی ئیسلام بگەڕێنەوە. بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەمانەدا ڕەوتێکیش هەبوو لە هەوڵی ئەوەدا بوو ناسیونالیزم و ئیسلام لێک نزیک بکاتەوە "لە دەیەی ١٩٣٠ بەولاوە ڕەوتێکی دیکە سەری هەڵدا کە هەوڵی دەدا بەشداری کورد لە مێژووی ئیسلامدا بەشێوەیەکی دیکە بەرجەستە بکەن." (Ghaderi, 2022: 8-9)

ئەم ڕەوتە پێی وابوو کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامییە و دەکرێ لە ڕێگەی لێک نزیک کردنەوەی ناسیونالیزم و ئیسلام و دۆزینەوەی زەمینە هاوبەشەکانیانەوە، شووناسی نەتەوەیی و ناسیونالیزمی کوردی پێشبخرێت. گرنگترین کارێک، کە ئەم ڕەوتە کردی گەشەپێدانی زمانی کوردییە لە ڕێگەی وەرگێڕانی قورئان و حەدیسەکانی پێغەمبەری ئیسلام و تەفسیر کردنیان بە زمانی کوردی. ئەیانویست زمانی کوردی کە ڕەگەزێکی سەرەکی نەتەوەی کوردە، بەرگێکی پیرۆز و دینی بەبەردا بکەن. ئامانجێکی دیکەی ئەوانەی لەم ڕەوتەدا بوون ئەوە بوو، هەڵگرانی باوەڕی ئیسلامی بەرەو لای پرسیی نەتەوەیی ڕاکێشن. ئەوان ئەیانوسیت بیسەلمێنن زمانی کوردی توانای ئەوەی هەیە وەک زمانەکانی دیکەی نەتەوە ئیسلامییەکان قورئانی پێ وەرگێڕدرێت.

بەڵام لەبەرامبەر ئەم ڕەوتەدا ڕەوتێکی کۆنەپارێز هەبوون، بە بیانووی پاراستنی دین و قورئان، نەک هەر دژی وەرگێڕان و تەفسیر کردنی قورئان بوون بە کوردی، بەڵکو دژ بە خوێندنی کوردیش بوون.

ساڵی ١٩٢٠ کاتێک مێجەر سۆن حاکمی سیاسی ئینگلیز لە سلێمانی بڕیاری بە فەرمی کردنی زمانی کوردی لە خوێندن و فەرمانگە حکومییەکاندا دەرکرد، بڕیارێکی بێ وێنە و مێژوویی بوو. شێخ نوری شێخ ساڵح یەکێک لە دیارترین منەوەرەکانی ئەو سەردەمە لەوبارەوە نووسیویەتی: "ئێمە ئەبێ هیچ وەقتێ منەتداریی حکومەتی فەخیمە فەرامۆش نەکەین کە ئەم زمانەی خۆمانی بۆ کردوین بە زمانێکی رەسمی و ئەم خزمەتە لە نەظر بەشەرییەتدا خزمەتێکی تەئریخییە، لەبەر ئەمە تا گیانمان بمێنێ، ئەم سەعادەتی زمانە لە دەست نادەین." (م.نوری، ١٩٢٢ :١-٢)

ئەو کاتە هێشتا سلێمانی بەشێک بوو لە ولایەتی موسڵ، هێشتا ولایەتەکەش بە عێراقەوە نەلکێندرابوو. بڕیارەکە بە دڵی بەرپرسانی عەرەب لە موسڵ نەبوو، حەسون ئەفەندی موفەتیشی لیوای موسڵ بۆ سلێمانی هات داوای کرد زمانی خوێندن لە سلێمانی بکرێتە عەرەبی و هەندێ کەسیش لە سلێمانی ئەو فیکرەیان پێ باش بووە، بەڵام رەسول ناجی کۆیسنجاقی "لە جیاتی "رەفیقەکانی کە ساکنی موصڵ" بوون ئەم فیکرەیەی پێ باش نەبووە و لە لاپەڕە (١ و ٢)ی ژمارە ٨٧ی رۆژنامەی "پێشکەوتن"دا بابەتێکی لە ژێر ناوی "زمانی خۆمان لە بیر نەچێ"، وەڵامێکی توندی حەسون ئەفەندی و ئەوانەی پشتگیرییان لە بۆچوونەکەی کردووە، داوەتەوە. دەکرێت لە رێگەی ئەم چەند دێڕەی نووسینەکەی "ناجی"یەوە، لە مەغزا و مەبەستی نووسینەکەی تێبگەین: "ئێمە چەند رەفیقێکین کە ساکینی موصڵین و کوردیشین، تەجاوزاتی جوزئێ کە حقوق و غرووری قەومیمان بشکێنێ، هیچ وەختێ قبووڵی ناکەین، لە سایەی ئەم کەسانەی کە کوورە و موتەفەکرینی قەومی کوردن، قەناعەتمان زۆر بەقووەتە کە شەرەف و حەیثەیەت وڵاتەکەمان لەژێر پێی غەیرەدا ناشێلرێت و هەمیسان نەبێتە دیلی قەومێکی تر". (کۆیسنجاقی، ١٩٢١: ١-٢)

مستەفا قەرەداغی، یەکێک لە مەلا مەشهور و ناودارەکانی ئەو دەمەی سلێمانی، لە دوو ژمارەی (٨٩ ، ٩٠)ی رۆژنامەی پێشکەوتن دا رەخنەی لە رەسول ناجی گرتووە، گوایە دژ بە خوێندنی زمانی عەرەبییە کە زمانی قورئانە و باس لەوە دەکات کە زمانی عەرەبی زمانێکی دەوڵەمەندە و فارس و تورکیش زۆر وشەی عەرەبی لە زمانەکەیاندا بەکاردەهێنن، نووسینەکەی دەکرێت لەم چەند دێڕەدا کورت بکرێتەوە: "ئەگەر تەدریسیات و ئیکتسابی عەرەبی مەنع بکرێت، ئەوا دەبێ یەک دەفعە قاپیی مزگەوت و مەدرەسەکانیش دابخرێت و ئاثار و شیعاری ئیسلامییەت بفەوتێنرێت و بە ناوی ئامالی مەخصوصەی کوردەوە ضەربەیەکی گەورە بە ئیسلامییەت تشکیل بکرێت، ئەمیشە حکومەتی فەخیمەی بریطانیا قبووڵی نافەرموێت...". (قەرەداغی، ١٩٢٢ :٣)

مستەفا قەرەداغی بیانوی ئەوەیە، کە خوێندن بە کوردی دەبێتە هۆی لاواز بوونی ئیسلام و داخستنی مزگەوتەکان. شێخ نوری شێخ ساڵح، دەیزانی ئەم بۆچوونە فریودەرانەیە کاریگەریی زۆری دەبێ لەسەر کوردەواری لەو سەردەمەدا، بۆیە لەسەر ئەمە دێتە دەنگ و هاوکێشەکە پێچەوانە دەکاتەوە. پێی وایە بەهێزیی نەتەوە و میللەت، دەبێتە هۆی بەهێزی دین. بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەشی نموونەیەکی جوان و سادەش دەهێنێتەوە، دواتر بە ئامار و ئەزموونی وڵاتانی دیکەی ئیسلامی دەیسەلمێنێ کە خوێندن بە زمانی کوردی ئیسلام بەهێز دەکات نەک لاواز. بۆچوونە سادەکەی خۆشی بە چەند وشەیە دەخاتە ڕوو "ئینسان دائیمەن بۆ موحافەظەی لیسانی، زیاتر لە گیانی تێ بکوشێ، چونکە بە رۆیشتنی گیان، حەیاتی قەومییەت ناڕوا، بەڵام بە نەمانی زمان بناغەی میللەت ئەڕۆخێ... لازم ناکا موحافەظەی ئەم لیسانە کە ئەمڕۆ بۆ ئێمە لسانێکی رەسمییە، ببێتە باعیثی داخستنی دەرگای مزگەوت و خانەقا و تەکیە، بیلعەکس، قوامی دینی بە قەوامی میللەتەوەیە.

مناڵێکی مەکتەبی ئیبتدائی کە هێشتا زمانی باوک و دایکی بە تەواوی فێر نەبووە، موعەلمێکی ریاضیات، جوغرافیا، تەئریخ، چۆن ئەتوانێ بە زمانی ئەجنەبی تێی بگەیەنێ.

تەخمینەن ٦٠ ملیۆن ئیسلامی هندستان و ٤٠ ملیۆنی چین و چەند ملیۆنی سائیر جێگاکانی تر، کەی تەدریساتی مەکاتیبیان کردووە بە عەرەبی؟ کە وابێ چونکە ئەساسی دینەکەیان قورئانە، ئەوانیش ئەبوایە تەحصیلیان بکردایە بە عەرەبی، خەیر وانیە، بەڵکو ئەو کتێبانەی کە عائیدە بە دین، هەموویان بە زمانی خۆیان تەرجومە کردووە. ئینسان دائیمەن بۆ موحافەظەی لیسانی، زیاتر لە گیانی تێ بکوشێ. چونکە بە رۆیشتنی گیان، حەیاتی قەومییەت ناڕوا، بەڵام بە نەمانی زمان بناغەی مللیەت ئەڕۆخێ، ئەمە ئەمرێکی بەدیهییە." (م.نوری، ١٩٢٢ :١-٢)

خاڵێکی دیکە کە پێویستە ئاماژەی پێ بدرێت ئەوەیە، ئەو ئایدیا و چالاکییانەی کە نەتەوەپەروەرەکانی نەوەی یەکەم لە سلێمانی کاریان لە سەر دەکرد، دژی ئینتمای دینی نەبوو، بگرە هیچ کات ئاینیان بە رێگر و ناکۆک لەگەڵ بیری نەتەوەییدا نەدەبینی، تەنانەت لە هەندێ وتاردا بە یەکێک لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی ئینتمای نەتەوەیی و نیشتمانییان دەزانی. لەو بارەوە

شێخ نوری، دەڵێ: "قەومییەت سێ شت تەشکیلی ئەکا: ١. ئەخلاق ٢. دیانەت ٣. زمان. بەعضێ لە فەیلەسۆف ئەڵێن رابیطەی زمان لە رابطەی دین بەقووەت ترە، دەلیلیشیان ئەمەیە کە ئەگەر دوو کەس لە عەقیدەدا موتەحید و لە زمانا موختەلف بن لەگەڵ یەکتریدا هیچ وەقتێ ئولفەت پەیدا ناکەن، چونکە واسیطەی تەفاهوم لە بەینی ئەو دوو کەسەدا مەفقودە. بەڵام ئەگەر لە زمانا موتەحید و لە دیانەتا موختەلیف بن ئەو دوو کەسە بە صورەت دائیمی لە بەینیانا ئولفەت و یەکێتی پەیدا ئەبێ". (م.نوری، ١٩٢٢: ١-٢)

بەڵام رەوتی کوردە جلخوارەکان (تورک خوازەکان) و عێراقچییەکان، لە دژایەتی کردنی خوێندن بە کوردی بەردەوام بوون.

تۆفیق وەهبی بەگ لە دوای لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە، دوای سێ ساڵ کارکردنی بەردەوام، توانی (ئەلف و بێ)یەکی کوردی گونجاو بۆ زمانی کوردی دابنێت تاوەکو کتێب و مەنهەجی خوێندنی کوردی کە حکومەت رازی ببوو لەسەر چاپکردنی پێ چاپ بکرێ، بەڵام ساتع حەسەری بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی عێراق، کە زۆر دژی ئەو کارەی وەهبی بوو، دەستی دایە دروستکردنی بەربەست و هاندانی خەڵک لە دژی. تۆفیق وەهبی لە دیدارێکدا لەو بارەوە وتوویەتی: "حکومەتی عێراق بیستی کە من ئەم ئیشە دەکەم، بۆ هەموو رۆشنبیرێکی کوردستان، هەموو رۆشنبیرێکی کورد کە لە بەغدا و وڵاتانی عەرەبدا هەبوون نامەی نووسی کە تۆفیق وەهبی ئیشارەتی لە سەر حروفی قورئان داناوە و ئەمە کوفرە، بە کوفریان ئیعتبار کرد..." (بابی لالو، ٢٠١١: ٤٦)

بەشێک لەوانەی پشتگیری ساتع حوسەریيان دەکرد، مەلا و زانایانی دینی بوون و لە زۆربەی مزگەوتەکاندا لە دژی تۆفیق وەهبی وتاریان خوێندەوە. تەنانەت کاتێک نوێنەرانی کوردی کەرکوک و هەولێر لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی ١٩٢٧ داوایان کردووە لە هەولێر و کەرکوک قوتابخانەی بە زمانی کوردی بکرێتەوە، داوود حەیدەری، کە کوڕی ئیبراهیم حەیدەری دوایین شێخولئیسلامی خەلافەتی عوسمانی و وەزیری ئەوقافی عێراق، لە پەرلەمان دژی ئەم داواکارییەی وەستاوەتەوە و وتوویەتی: "لە ئیدیعاي لوزومي تەدریسات بە زبانی کوردی موخالیفی ڕەفیقەکانمم، لەسەر موسامەحە کردنی تەدریسات بە زبانی کوردی مەعاریف بە هەموو هێزی خۆم تەنقید ئەکەم، لە ئەلوییەی سەروودا مەعاریف زۆر ناتەواوە، قوتابییەکانی ئەو ناوە نە بە کوردی و عەرەبی و نە بە تورکی ئەتوانن قسە بکەن..." (ژیان، ١٩٢٧: ١)

مەلا عبدوڵلا توتنچی ناسراو بە موفتی پێنجوێنی (١٨٨١-١٩٥٢) کە منەورەرێکی دیاری زەمانی خۆی بووە، لە شیعرێکدا هێرش دەکاتە سەر ئەو کەسانەی کە دژی وەرگێڕانی قورئان و تەفسیرکردنی بوون بە زمانی کوردی و بە (نەفام و نەزان)یان دەزانێ:

ئێستەش بە کوردی تەفسیری قورئان
کفرە لای گەلێ نەفام و نەزان
بەڵام بە تورکی یا نە بە فارسی
گەشکەدار ئەبن بۆیان بنووسی
وا عەرەبیمان کۆڵەکەی دینە
تورکی و فارسی بۆچ وا شیرینە؟ (پینجوینی: ١٩٩٠: ١٦٨)

موفتی، لەو شیعرەدا جگە لەوەی ئەو کارە بە شتێکی ئاسایی دەزانێ، ئەو پرسیارە دەخاتە ڕوو کە بۆ وەرگێڕانی قورئان بە زمانی تورکی و فارسی کارێکی رەوا و رێگە پێدراوە، بەڵام بە زمانی کوردی کووفر و لە رێ دەرچوونە؟

### ٢-٢ کتێبە پیرۆزەکان بە زمانی کوردی

شتێکی حاشا هەڵنەگرە و بەهۆی ئەوەی کوردستان مێژووییەکی کۆن هەیە و خەڵکەکەی لە قۆناغە جیاجیاکاندا پەیرەوی دینیی جیاوازیی وەک میترایی، مەسیحی، ئێزدی، زەردەشتی، یارسان (ئەهلی حەق)، عەلەوی و ئیسلام بوون. هەندێک لەو دینانە کتێبە پیرۆزەکانیان بە زمانی غەیرە کوردی و هەندێکی دیکەیان بە زمانی کوردی نووسراون و هەندێکیشیان هەموو کتێبەکە یان بەشێکیان وەرگێڕاون بۆ زمانی کوردی. پاشتر ئەو کتێبانە نەک هەر وەک دەقێک، کە بۆ ڕێنوێنی دینی و ڕۆحی بەکاردەهێنران، بەڵکو بوونە بەشێکی گەورە لە ئەدەب و مەعریفەی گشتی خەڵکی کوردستان.

sjh@univsul.edu.iq

لە خوارەوە باس لە هەندێ لەو کتێبە دینیانە دەکەین و کاریگەرییان لەسەر پێکهاتەی فیکری و کولتووری کورد و ڕۆڵیان لە پاراستن و بەردەوامی شووناسی دینی و کولتووری ئەم نەتەوەیە بە درێژایی مێژوو دەکەین.

**٣-٢ دینی ئێزدی و کتێبەکانی جلوە و مەسحەفا رەش**

دینی ئێزیدی یەکێکە لە دینە کۆنەکانی کوردستان و ناوچەی میزۆپۆتامیا. کوردی ئێزدی بە زۆری لە ناوچەکانی وەک شنگال (شەنگال) و هەندێک ناوچەی تری رۆژئاوا و باکوری کوردستان و قەفقاز دەژین. ئێزیدییەکان باوەڕیان بە تاک خودایی هەیە، کە لە ڕێگەی (مەلیک تاووس) کە فریشتەیەکی پیرۆز و هێمای چاکە و حیکمەتە حوکمڕانی جیهان دەکات. دینی ئێزیدی تێکەڵەیەک لە بیروباوەڕی کۆن و زەردەشتی و میترایزم.

ئێزدییەکان دوو کتێبی پیرۆزیان بە زمانی کوردی هەیە، کتێبی (جیلوە) و کتێبی (مەسحەفا رەش)، بەڵام بەشێوەیەکی ئاوا شاراونەتەوە کە مەحاڵە بزانرێ لە کوێ هەڵگیراوون. ئەنستانش ماری کەرملی[1] دەڵێ: "هەر تەنها سێ کەسیش بەم نهێنییە شارەزان، سەرۆکی ئاینی، سەرۆکی کاروباری دونیایی و کتێبخانەوان. کتێبخانەوان ئەرکی ئەوەی پێ سپێردراوە کە هەر شەش مانگ جارێک ئەو کتێبانەی کە هەرگیز خۆریان بەرناکەوێ بخاتە دەرەوە. هەموو ئێزیدییەکان دەزانن کەوا دوو کتێبی پیرۆزیان هەیە، بەڵام قەدەغەیە ناوەکانیان ئاشکرا بکەن ئەگەرنا دەکوژرێن، هیچ کەس ڕێگەی پێ نەدراوە هەوڵ بدات ئەم دوو کتێبۆلەکە پیرۆزە بخوێنێتەوە و ئەو سێ کەسەش کە ئیمتیازی ئەوەیان پێ دراوە کتێبەکە ببینن لە سێ سەعات زیاتر ئەو کتێبانە لای خۆیان بهێڵنەوە و ئەویش بە ئامادەبوونی دوو کەسەکەی دیکە بێت." (ئەلکەرملی، ٢٠٠٦: ٦٦ )

تەنها کوڕە گەورەی سەرۆکی ئاینییان بۆی هەیە وەرگێڕانە عەرەبیەکەی کتێبەکەیان بخوێنێتەوە زمانی نووسینی کتێبەکان دیالەتیکێکی تایبەت بە ئێزدییەکانە کە تێکەڵاوە لەگەڵ عەرەبی. هەردوو کتێبەکە ساڵی نووسینیانی لەسەر نییە.

"گومان لەوەدا نییە کە زمانی ئێزدییەکان کوردییە، چونکە قسەی پێدەکەن و باوە لە ناویاندا و هەر بە وکردیش کتێبە پیرۆزەکانیان نوسراوە..." (التونجي،١٩٨٨ :١٣٧)

هەندێ لە لێکۆڵەرەکان پێیان وایە کە ئەم کتێبە دوو سەدە پێش ئێستا نوسراوە و لەلایەن کەسانێکەوە نوسراوە کە باوەڕیان بەم دینە نەبووە. رۆژ هەڵاتناس "بادغر" هەر بڕوای بە بوونی ئەم دوو کتێبە پیرۆزە نییە، بەڵام پێی وایە "هەر لەلایەن ئەندامانی ئەم تائیفەیەوە نوسراوە تا لە بەرامبەر موسڵمانەکاندا کە خاوەنی قورئانن وا دەرکەون کە ئەمانیش خاوەنی کتێبن و یان لەوانەیە پیاوێکی ئاینی بەناوی شماس ئەرمیا کە لە ناو ئێزدییەکاندا ژیا، ئەمەی بۆ دروست کردبن." (التونجي، ١٩٨٨ :١٣٥)

پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ، پێی وایە جگە لەوەی کتێبەکە بە کوردییە، نوسەرەکەی، یان نوسەرەکانیشی کوردن. ئەو لە وەڵامی پرسیاری بۆچ نیڤسکارێت وان پەرتوکا ئەوا نیڤیسیە؟ نووسیویەتی: "نڤیسکارێت وان پەرتوکا بە ئەسڵێ خۆ کورد بوونە، ژ هەر ڤی یەکێ ئەوان خواستییە نیڤیسارا خۆە ب ئەلفبایێ سەربەخۆوە خوەرو بنڤیسن ب ڤی جۆرەێ نیشان بکەن کەوا میللەتێ کورد خودانێ دینێ سەربەخۆیە، خودانێ ئەلفبایێ نەتەوەیی خوەرەیە.. ئەلفباییێ ئێزدی ژ مێژە هەبویە، یان ژێ نڤیسکارێت وان پەرتوکا تەزە ئەو ئەلفبایێ پێک ئانییە و خواستییە نیشان بکە کۆمەلەتێ کورد خودانێ شارستانییا خوەرویە، خودانێ دینی خوەرویە، خودانێ ئەلفبایێ خوەرویە. (کوردۆ، ١٩٧٣ :١٣٦)

ئەم دوو کتێبە کراونەتە عەرەبی، چونکە بە پێی باوەڕی ئێزدییەکان ئەو دوو کتێبە پیرۆزە، کە لە دەورانی ئادەمەوە لەلایەن خودا خۆی نوسراون و هاتونەتە خوارەوە و نابێ بکەونە بەرچاو و دەستان. تەنانەت کتێبە وەرگێڕاوەکانیش نابێ بدرێنە دەست کەسانی غەیرە دین. هەر بۆیە ئەوە بووتە پرسیار لەلای توێژەران و پیاوانی دینی و ئەوانەی ئارەزووی ئەوە دەکەن، کە ئەو دوو کتێبە چی تێدایە و کێ نووسیویەتی، تا ئەمڕۆش وەک مەتەڵێکی سەرسوڕ هێنەر وایە.

ئەلکرملی، سەبارەت بە چۆنێتی ساغکردنەوەی زمانی هەردوو کتێبەکە نووسیویەتی: "من هەموو دەقەکانم لێکدایەوە و لەسەر دەفتەرێکی یاداشنووسی بەپیتی عەرەبی روونووسم کرد. کەوتمە بەرامبەر بە زمانێک کە تێنەگەییشتم، نە فارسی، نە تورکی و نە عەرەبی بوو، تێکەڵاوێک بوو لەم سێ زمانە وتیرمی دیکەی کە لەناو هیچ فەرهەنگێک لەو فەرهەنگانەی، کە لە بەردەستم دا بوون نەبوون. دواجار زانیم ئەمە دیالێکتێکە لە زمانی کوردی کۆن دەچێ قسەی پێ ناکرێ و وشەکانی لەناو زۆر لە دیالێکتێکانەی کوردستاندا بڵاوبوونەتەوە. (ئەلکەرملی، ٢٠٠٦: ٦٦)

[1] . بوترۆس گابرێل یوسف عەواد ناسراو بە ئەناستاس ماری ئەلکەرملی (١٨٦٦ - ١٩٤٧)

سەبارەت بەو پرسیارەی کە پەرتوکەکانی جلوە و مەسحفا رەش بە چی شێوە زارێک نووسراوە، قەناتی کوردۆ رای وایە بە شێوە زاری سۆرانی نووسراوە و دەڵێ: " لە کوردناسیێیا هەتا نکا تەخمین دکن کۆ ئەڤ پەرتوکانە ب زاراڤێ کورمانجی هەتاینە نڤیساندنێ، ڤی تەخمینێ ب گۆتوبێژێت ژێرن مە ددەن باوەرکرنە ئێزدی ب زاراڤێ کورمانجی تاخڤن، کاکلێ پەرتوکیت نڤیساندی دین و دینا ئێزدیانە، هەر بە تەنێ فڤێت دین و دیانتێ وان کورمانجی نڤیساندندی بە. بەڵام پێویستە بێژن، کو بە ئاریکاریا لێگەرینا لێکگەرۆکێت بەری و بە لێ نهێزرینا خوە ل تێکستێت ئەنستاس ماری چاپکری ئەز هاتمە سەر وێ بکرێ، کو پەرتوکیت دینێ ئێزدیان بە زاراڤێ کورمانجی نەهاتینە نڤیساندنێ، ب سورانی هاتنە نڤیساندنێ. (کوردۆ، هەمان: ١٤٠)

سەبارەت بەو (ئەلف بێ)یەی کتێبەکەی پێ نووسراوە قەناتی کوردۆ دەڤی نووسینێکی (ج. لاوکۆتکا) لە کتێبی (پێشکەوتنا نڤیسارێ) دەگوازێتەوە و دەڵێ: " ئەلفبائ ئێزدی ٣٢ تیپن، زۆربەی خوە ژ حەلفبائ نەستوریانییە. تێدا چند تیپێت خوەرو هەنە؛ ئەو تیپ ژێ شێخیت ئێزدیان زێدە کرنە، ک ئەلفبا مناسبی زاراڤێ تێکستان بە" بەڵام کوردۆ ئەوە بە راست نازانێ و وەڵامی دەداتەوە و دەنوسێ: "ئەڤ گوتنا نە راستە،ئەلفبائ پەتوکێت ئێزدیان  نە مینا ئەلفبائ نەستوریانی یە، ئەو ووسان ژی نە مینا ئەلفبائ عەرببیە، نە ژی مینائی یەهودییە، ئەو ئەلفبائ خوەرە و نەتەوەییە، بەڵام پیویستە بێ گوتنێ کو ئەلفبا ل بن ئیتاعەتا پرەنسیپ و سیستێما ئەلفبائ عەرەبی هاتیە رێکوپێک کرنێ... (کوردۆ، هەمان: ١٤٧-١٤٨)

**٢-٤ یارسان و کتێبی سەرئەنجام**

یارسان، یان ئەهلی حەق، دینێکی عیرفانییە پەیرەوانی ئەم دینە بە زۆری لە باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان دەژین. ئەم دینە رەگ و ریشەی قووڵی مێژوویی و کولتووری لە ناوچەکەدا هەیە و تێکەڵەیەکە لە بیروباوەری ئیسلامی و زەردەشتی و دینە کۆنەکانی ئێران. یارسانەکان باوەریان بە پلەبەندی رۆحی و نهێنی دینی هەیە و رێورەسمە تایبەتە دینییەکانی خۆیان لە جەم خانە بەرێوە دەبەن. زمانی دینی یارسان زۆرتر کوردی گورانییە، دیوان و دەقە پیرۆزەکانی ئەم دینەش هەر بەم زمانە نووسراون.

کتێبی "سەرئەنجام یارسان" یەکێکە لە گرنگترین دەقە پیرۆز و ئاینییەکانی یارسانەکان (ئەهلی حەق). ئەم کتێبە بە زمانی کوردی نووسراوە و فێرکاری و رێورەسم و چیرۆک و بیروباوەری دینی یارسانیەکان لە خۆدەگرێ. کتێبەکە وەک کتێبێکی پیرۆز و رێبەرێکی رۆحی بۆ شوێنکەوتوانی یارسان زۆر گرنگە و بنەما و رێسا دینیەکانی ئەم دینە روون دەکاتەوە.

جگە لەوە کتێبەکە بابەتە فەلسەفی و عیرفانیەکانیش لەخۆ دەگرێ، باس لە بابەتگەلێکی وەک ئافراندن و مانای ژیان و پێشکەوتنی رۆحی دەکات. کتێبەکە زیاتر بە شیعر و نووسراوە. ئەم کتێبە یارمەتی پەیرەوانی یارسان دەدات بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی رۆحی خۆیان لەگەڵ خالق و جیهانی دەوروبەر و بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنێکی قووڵتر لە چەمکە دینییەکانیان.

سەرئەنجام، لە شەش بەش پێکدێت، بارگە بارگە، دەورەی هەفتەوانە، گڵیم وەکۆڵ، دەورەی عابدی جاف عابدی پاش جاوەش، وردە سەرنجام. هەموو بەشەکانی "سەرەنجام" بەشێوە زاری هەورامی (گۆران) نوسراون تەنها لەدەورەی عابدینی جاف نەبێت کە بەشێوەی جافەکانی دەشت و بناری شارەزور نوسراوەتەوە، ئەم شێوازەی قسەکردنە بە هەورامی جافی ناوی هاتووە. خوێندنەوەی سەرەنجام ئەرکی رابەرە دینیەکانە کە پێیان دەوترێ کەلام.

نوو عەلی، تێگەیشتن لە سەرئەنجام و قورئان بە یەکەوە دەبەستێ و  پێی وایە: "سەرئەنجام وەک قورئان وایە، هەرکەسێک لە قورئان تێگەیشت، لە سەرئەنجامیش تێدەگات و بە پێچەوانەشەوە راستە، هەرکەسێک لە سەرئەنجام تێگەیشتبێ، لە قورئانیش تێ گەیشتووە." (الهی، ١٣٧٣: ٤٩٥) "شیعری ئاینی یارسان وەکو هەموو ئەدەبێکی ئاینی بەدرێژایی رۆژگار دروست بووە لە پاشانا کۆکراوەتەوە و گەلێ جار خاوەنی ئەو شیعرانە نەناسراون، بەڵام خۆیان شیعرەکان دەدەنە پاڵ کردگار و فریشتە و پیاوچاکانیان... لەمەوە دەردەکەوێ کە یارسانەکان تەنیا یەک کتێبی پیرۆزیان نییە، بەڵکو هەموو تیرە و بەش و تایفە و بنەماڵەیەک کتێبێکی تایبەتی خۆیانیان هەیە.." (خەزنەدار، ٢٠٠١: ٢٢٨)

**٢-٥ وەرگێرانی کتێبی پیرۆز (ئینجیل) بۆ سەر زمانی کوردی**

یەکەم وەرگێرانی کتێبی پیرۆزی مەسیحی بۆ سەر زمانی کوردی لە سەدەی نۆزدەهەمدا ئەنجامدرا. ئەم وەرگێرانە لەلایەن میسیۆنەرە پرۆتستانتەکانەوە ئەنجامدراوە، بەتایبەتی (کۆمەڵەی میسیۆنەری ئەمریکی - American Missionary Society). ئامانج لە وەرگێرانی کتێبی پیرۆز بۆ سەر زمانی کوردی بڵاو کردنەوەی دینی مەسیحی بوو لە ناو کورددا.

یەکەم بەشی کتێبی پیرۆز کە وەرگێردرایە سەر زمانی کوردی، "ئینجیلی مەتی" بوو، لە ساڵی ١٨٥٦ لە لایەن میسیۆنێری ئەمریکی ویلیام بی. بۆردێن (William B. Borden) وەرگێردرایە سەر شێوەزاری کوردی کرمانجی و لە ئەستەنبوڵ چاپ کراوە و بە یەکەم چاپی کتێبی پیرۆز بە زمانی کوردی لەقەڵەم دەدرێ.

دوای ئەوە هەوڵی تر درا بۆ وەرگێرانی بەشە جۆراوجۆرەکانی کتێبی پیرۆز بۆ سەر زمانی کوردی. یەکەمین وەرگێرانێک کە لە ئینجیلەوە بۆ سەر کوردیی کرماشانی کرابێ وەرگێرانی ئینجیلی یوحەننایە، ئینجیلی چوارەمی پەیمانی نوێیە. ئەم ئینجیلە بە دەستی میرزا یەحیا خانی کرماشانی و لە ساڵی ١٨٩٤دا لە فارسییەوە کراوەتە کوردیی کرماشانی.

لەو ساڵانەدا کە میسیۆنێرەکان لە مەهابادێ بوون (١٩١٢- ١٩٣٦) میسیۆنێرێکی لیهاتوو بە نێوی "لودویگ ئۆلسن فاسووم" بە یارمەتیی "میرزا ڕەحمانی حاجی نەورۆز" خەریکی وەرگێرانی ئینجیل [چاخی نوێ] بووە. ئەو ئینجیلە چوار بەشە و سەرجەمی بەشەکان لە کتێبێکی ٣٠٦ لاپەڕەییدا، بە نێوی "ئینجیلی موقەدەس"، لە ساڵی ١٩١٩دا، لە ئەمریکا، چاپ کراون. (نەریمان، ١٩٧٧: ١٨)

### ٣. هەڵوێستی مەزهەبەکانی ئیسلام لە بەرامبەر وەرگێران و تەفسیری قورئان

پاش ئەوەی زۆربەی گەلانی ژێر دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی وازیان لە ئاینی خۆیان هێنا و بوون بە موسڵمان، هەندێکیان لەگەڵ دەستبەرداربوونیان لە دینەکانیان زمانەکانیشیان فەوتان. ئیبن خەلدون لەو بارەوە دەڵێ: "کاتێک دینی عەجەمییەکان دەستبەرداری زمانەکانیان بوون، زمانی دەوڵەتی ئیسلامی عەرەبی بوو، بۆیە زمانیان بوو بە عەرەبی، چونکە خەڵک شوێنی سوڵتان و دینەکەی دەکەوێ، بۆیە بەکارهێنانی زمانی عەرەبی و گوێڕایەڵی عەرەب بوو بە یەکێک لە ڕێوڕەسمەکانی ئیسلام. گەلان لە هەموو وڵات و مەملەکەتەکاندا وازیان لە زمانی خۆیان هێنا. زمانی عەرەبی بوو بە زمانی ئەوان، زمانەکانی خۆیان بوو بە زمانێکی نامۆ." (ابن خلدون، ٢٠٠٤ج٢ :٥٧)

هەرچەند دینی ئیسلامی باوەڕی وایە جگە لە تەقوا جیاوازی نییە لە نێوان عەرەب و غەیرە عەرەبدا، بەڵام بەگەڕانەوە بۆ کەلەپوری فکری ئیسلام لە ١٤٠٠ ساڵی ڕابردودا، بۆمان دەردەکەوێت، کە هەندێک دەق بەتایبەتی لە بواری فیقهدا، بۆچوونی جیاوازییان لەسەر هەبووە.

لە هەندێک قۆناغدا ئەو شیکردنەوانە بۆ دەقی ئایەت و فەرمودەکانی پێغەمبەر بۆچوونی سیاسی و بگرە تارادەیەک ڕەگەزپەرستی و نەتەوەیی بەسەریاندا زاڵە، بۆ نمونە هەندێ لە فەقییە ناودارەکان فەتوایان داوە کە نابێ عەرەبەکان ژن و ژنخوازی لەگەڵ غەیرە عەرەبەکاندا بکەن، یان خەلافەت تەنها بۆ عەرەبە و یان ئەوەی نابێ دەقەکانی قورئان بەهیچ شێوەیەک بۆ زمانەکانی دیکە وەربگێردرێن. ئەم جۆرە بیرکردنەوە و شیکردنەوانە بە پێی مەزهەبەکان و لەناو مەزهەبەکانیشدا بەپێی تێڕوانینی زاناکان دەگۆڕێن.

ئەلسرخسی، باسی لەوە کردووە، کە ئیمام ئەبو حەنیفە ڕێگەی بە وەرگێرانی فاتیحە بۆ سەر زمانی فارس داوە و دەڵێت: ئەبو حەنیفە ڕەحمەتی خوای لێ بێت، بەپشت بەستن بەو ڕوایەتەی کە فارسەکان هاتونەتە لای سەلمان ئەلفارسی، خوا لێی ڕازی بێت، بۆ ئەوەی سورەتی الفاتیحەیان بە فارسی بۆ بنوسێت، بۆیە لە نوێژدا ئەوەیان دەخوێند تا زمانیان نەرم بێت بۆ عەرەبی. (السرخی،١٩٨٩ :٣٧)

ئەبو یوسف محمد دەڵێ: ئەگەر زمانی عەرەبی شارەزا بێت، دروست نییە بە زمانی فارسی بخوێنێت، ئەگەر عەرەبییەکەی باش نەبوو، بۆی هەیە بە زمانی خۆی بخوێنێت." (مرواريد،١٩٩٠، ج٢٧: ٩٣)

بەڵام بۆ هەمان پرس لە مەزهەبی شافعیدا ڕای جیاواز هەیە، بۆ نمونە (النووی) لە کتێبی (المجموع)دا دەڵێ: "عەقیدەی ئێمە (واتە شافعییەت) پێی وایە نابێ جگە لە عەرەبی قورئان بە زمانی دیکە بخوێنرێت، ئیتر عەرەبی بزانێ، یان نەزانێ، چی لە کاتی نوێژدا بێ، یان لە شتی دیکەدا، ئەگەر نوێژ وەربگێردرێت بە زمانی دیکە، نوێژەکەی قەبوڵ نییە، ئیتر باش بیخوێنێ یان نا." (النووي، ١٩٨٠ :٣٤١) شافیعی: "هەموو موسڵمانێک لەسەریەتی زمانی عەرەبی فێربێت، ئەمەش یارمەتی دەدات لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەرستن وەک نوێژ خوێندنەوە و زیکر، چونکە دروست نییە بە زمانێکی تر جگە لە عەرەبی قسە بکات ئەو کارانە بکا."

ئیبن ئەبی شەیبە، لەسەر زمانی ئیمامی عومەرەوە، دەگێڕێتەوە: مرۆڤ فێری زمانی فارسی نابێت مەگەر ئەوانە نەبێ کە پیاوەتیان تیدا نییە." (أبي شيبة،٢٠٠٧م٨ :٥٤٧-٥٤٨)

لە سەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبیدا جگە لە ئێزدی و یارسان و عەلەوییەکان، بەشی هەرەزۆری کورد بوون بە شافعی مەزهەب، زۆربەی سەرچاوەکانیش باس لەوە دەکەن کە سەڵاحەدین زۆر پەرۆشی ئەوە بووە لە نێو کورددا زانست و خوێنەواری و مەعەریفەت بڵاو بێتەوە، بەڵام هیچ کات هەوڵی ئەوەی نەداوە کە لە قوتابخانە و حوجرە و تەنانەت زانکۆی ئەزهەردا زمانی کوردی وەک زمانی دووەمی دەوڵەتەکەی بخوێنرێت و بنووسرێت.

ئیبن تەیمیە زۆر جەختی لە سەر گرنگی زمانی عەرەبی کردۆتەوە لە پاراستنی شوناسی ئیسلامی و تێگەیشتن لە دین. ئەو پێی وابووە، کە قسەکردن بە زمانی عەرەبی ئەرکێکی ئیسلامیانەیە و لاوازی لە زمانی عەرەبی لای موسڵمان، ڕەنگە ببێتە هۆی لادان لە تێگەیشتنی دینەکەیدا.

لە پرسی دوعا و زیکر و هاوشێوەکانیدا بە زمانێکی تر جگە لە عەرەبی ئیبن تەیمیە وتوویەتی: "دوعاکردن بە زمانێکی تر جگە لە عەرەبی مەکروهە، بەڵام بۆ ئەو کەسانە ڕێگە پێ دراوە، کە زمانی عەرەبی باش نازانن، سەبارەت بەوەی وشەی غەیرە عەرەبی بکەیت بە دروشم، ئەوە دەرچوونە لە دینی ئیسلام." (ابن تيمية،٢٠١٠ :٦٦)

دکتۆر موحسین عەبدولحەمید: "ئیمامی شافعی ئەڵێ ئەگەر عەرەبی بزانی بەعەرەبی قسە بکە، ئەوەش ڕاست نییە، بە چ دەلیلێک ئیمامی شافعی فقیهێکی گەورەیە، بەڵام ئەمە ڕاست نییە. کورد لەم بیرکردنەوەیە زیانی کرد. بۆ دەبێ قسەی ڕۆژانە بە عەرەبی بێ، تەعریبی ئەم ئومەتە بە چ حەقێک دەکرێ؟ خوا ئەفەرموێ ومن (آياته اختلاف السنتكم و الوانكم) ئەمە قەبوڵ کراو نییە.

ئبن تەیمیە کە سەد لەسەد کوردە، لەوەدا خلاف نییە، (اقتضاء الصراط المستقيم لمخالفة أصحاب الجحيم) ئبن تيميە بخوێنەوە، ئەڵێ نابێ بە غەیریی عەرەبی قسە بکرێت، باشە ئیبن تیمیە کە لەماڵەوە بە کوردی قسەی کردووە، ئایا مەسەلەکە قەومی بووە یان دینی بووە، خۆ ئیبن تیمیە شافعیش نەبووە، بە چ بەڵگەیەک دەبێ تەنها بە عەرەبی قسە بکرێت. ئەم مەسەلەیە تەنها لای ئیمامی شافعی وایە، کە دەبێ بە عەرەبی قسە بکەیت و نابێ هیچ کتێبێک هەبێ جگە لە کتێبی عەرەبی، بۆ ئەم قسەیەی کردووە، پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە، ئەو قسەیە ئیجتهادێکە و کردویەتی نە ئەبوایە عولەمای کوردستان قەبوڵیان بکردایە.

مەسلەی قورئان نابێ تەرجمە بکرێت و ناوبنرێت قورئان، دەبێ بوترێت تەرجەمەی قورئان، بەڵام بۆ حەدیسی پێغەمبەر بەتەواوی ئازادییەوە دەکرێ تەرجەمە بکرێت، چونکە قسەی بەشەرە، بەڵام قورئان گەر تەرجەمە کرا ئەوا هی خوا نییە هی موتەرجمەکەیە. قورئان دەکرێ تەفسیر بکرێت و شەرح بکرێت. (چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر موحسین ٢٠٢٣/٩/٢٨)

**١-٣ وەرگێران و تەفسیری قورئان بۆ زمانی کوری**

پێویستە بوترێت مێژووی نووسینی تەفسیر و وەرگێرانی قورئان بە زمانی کوردی، هێشتا روون نییە. مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، دەڵێ: لە هەموو قۆناغەکاندا زانایانی کورد رۆڵیان هەبووە لە ناساندنی ئاینی ئیسلام، بەڵام لەبەر کۆمەڵەک هۆ ناوی خۆیان و بەرهەمەکانیان تۆمار نەکراوە، لەوانە خۆیان نەیاندەویست ئەو خزمەتەی کە بە خواوەند تەعالا و دینەکەیان کردووە دەرخەن و تەنانەت ناوی خۆیان لەسەر کتێبەکانیان نەدەنووسی. هەروەها لەبەر نەبوونی چاپ و دووریان لەو وڵاتانەی کە کەرەستەکانی بڵاوکردنەوەی زانستیان تێدا بوو. ئەوە جگە لەوەی سەروەت و سامانێکی وایان نەبوو بۆ چاپکردنی کتێبەکانیان، لەبەر ئەو هۆکارە و هۆکاری دیکەش بە نەناسراوی مانەوە، جگە لە هەندێکیان نەبێ... (المدرس، ١٩٨٣: ٣)

پێدەچێ کۆنترین تەفسیر، تەفسیری دەستنوسی (تیذکاری ئیمان بو قەومی کوردان) ئەم تەفسیرە کە هەشت بەرگەو ٢٢٦٣ لاپەڕەیە، لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە باشووری کوردستان لەلایەن مەلا محەمەدی مەلا حسینی خواهرزادە نووسراوە. (کریمی، ١٣٩٧ :٢٤٠)

بەڵام یەکەمین تەفسیری کوردی چاپکراو (**تەفسیری کوردی لە کەلامی خواوەندی**)یە کە لەلایەن مەلا محەمەدی کۆیی (١٨٧٦-١٩٤٣) ناسراو بە مەلای گەورە لە ساڵی ١٩٣٣ نوسراوە و لە دە بەرگەدا لە ساڵی ٢٠٠٩ چاپکراوەتەوە. مەلای گەورە لە سەر داخوازی ئەنجومەنی لاوانی کورد ئەم تەفسیرەی کردووە و دەیوست لەو رێگەیەوە بیری نیشتمانپەروەری و

خۆشەویستی بۆ زمانی کوردی لە کۆمەڵگەی کوردیدا پەرە پێ بدات، هەر لەبەر ئەوەش بوو کۆنەپەرستەکان و کەسانێک کە دینیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار دەهێنا لە دژی وەستانەوە. (گەورە، ٢٠٠٩ :٨-٧)

ساڵی ١٩٧٠ تاوەکو ساڵی ١٩٧٥ مەلا سەعید زمناکۆیی چەند تەفسیرێکی لە قورئانی پیرۆز چاپ کردووە. هەروەها لە ساڵی١٣٦٣ کۆچی هەتاوی لە رۆژهەڵاتی کوردستان تەفسیرێک بە ناوی گوڵبژێر لەلایەن مەلا مەحمودی ئەحمەدی بڵاوبوەتەوە. بەشێوەیەکی گشتی تاوەکو کۆتایی سەدەی بیستەم نزیکەی پەنجا تەفسیر بە زمانی کوردی بڵاوبوەتەوە. بەڵام بۆیەکەم جار هەژار موکریانی لە ساڵی ١٣٧٠ هەموو قورئانی وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی. (کریمی، هەمان :٢٤٠)

**٢-٣ مەولودنامە بە کوردی**

لە ١٢ رەبیعی یەکەمی هەموو ساڵێک لە زۆربەی مزگەوت و خانەقا و تەکییەکانی کوردستاندا، خەڵکی موسڵمانی سونی مەزهەبی کورد، بەبۆنەی لەدایک بوونی پێغەمبەری ئیسلامەوە ئاهەنگ دەگێرن. مێژوونووس جەلال الدین ئەلسیوتی، لە کتێبی (حسن المقصد في عمل المولد)دا باسی لەوە کردووە لە سەردەمی سەلاحەدین ئەیوبی دا، حاکمی هەولێر موزەفەرەدین ئەبو سەعید کوکەبەری یەکەم کەس بووە یادی لەدایک بوونی پێغەمبەری بەو شێوەیەی کە ئەمڕۆ باوە کردووەتەوە. (السیوطي، ١٩٨٥: ٤٢)

دکتۆر ئیسماعیل شەمس، مەولودنامەکان بە داهێنانێکی کوردی دەزانێ و پێی وایە لەسەردەمی ئەیوبییەکاندا رەواجی پەیدا کردووە و خوێندنەوەیەکی کوردانەیە بۆ ئیسلام: "دەکرێ بڵێین مەولودنامەکان بە جۆرێک پەیوەست بوو بە خوێندنەوەی کوردیانە بۆ ئیسلام و پێویستە لە چوارچێوەی ئیسلامی کوردیدا لێکبدرێتەوە ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەم ڕێوڕەسمە لە کوردستانەوە بۆ بەشەکانی دیکەی... جیهانی ئیسلامی چوو بێت." (شمس، تلگرام)

لە ڕووی مێژووییەوە نووسینی کتێبەکانی مەولودنامە لە سەدەی شەشەم و لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی ئەیوبیەکاندا دەستی پێکردووە و پێش ئەوە هیچ کتێبێکی سەربەخۆ و بەناوبانگ لەم بوارەدا نەنووسراوە.

لەو ئاهەنگانەدا مەولودنامە دەخوێندرێتەوە. جاران بەشی زۆری ئەو مەولودنامانە بە شێوەی شیعر بە عەرەبی، یان بە تورکی نووسرابوون. بەڵام بەشێک لە مامۆستا و زانایانی ئاینی لە کوردستان هەستیان بەوە کردووە، کە دەبێ ئەو مەولودنامانە بە کوردی بن، بۆئەوەی زۆرینەی خەڵک لێی تێبگەن، جگە لەوە پاڵنەری سەرەکی ئەوان وەک دواتر روون دەبێتەوە پاڵنەرێکی کوردایەتی بووە. دەکرێ ئاماژە بدەین بە گرنگترین ئەو مەولودنامانەی، کە بە زمانی کوردی لە سەرەتای سەدەی بیستەم تاوەکو ساڵی ١٩٥٨ بدەین کە مستەفا نەریمان لە کتێبی بیبلۆگرافیای کتێبی کوردی ناوی هێناون:

١. مەولود نامەی باتێ لە ساڵی ١٩١٥ چاپ بووە، مەلای باتێ (١٤٠٧ -١٤٨٢) بە شێوە زاری کرمانجی ژوور لەلایەن ئەحمەد رامز کوردییەوە کە یەکێک بووە لە قوتابیە کوردەکانی رەواقی کوردی ئەزهەر چاپ کراوە.

٢. مەولوودنامەی پێغەمبەر، سەید عەبدوڵڵای بڵبەرێ (شیعر) بەشێوە زاری هەورامی، ساڵی ١٩١١ پاکنووس کراوە

٣. مەولوود نامەی شێخ حوسێنی قازی (١٧٩١ ــ ١٨٧٠) لە ساڵی ١٩٣٥ بە کوردی نووسراوە و شیعری عەرەبی تێهەڵکێش کراوە، لەسەر ئەرکی مەلا عەبدولکەریمی هەکزی چاپ کراوە.

٤. مەولودا نەبی نووسینی مەلا ئەحمەدی خاصێ ١٩٣٠، بە شێوەی کرمانجی سەروو لە شام چاپ بووە و جەلادەت بەدرخان پێشەکی بۆ نووسیوە.

٥. مەولودنامەی نەو ئەسەر شێخ محەمەدی خاڵ ١٩٣٧.

٦. مەولودنامەی حەزرەتی ئەعزەم بە زمانی کوردی لە مەهاباد چاپ بووە لە نووسینی مەلا عەبدولهادی ئەفخەمی زادە ١٩٥٠.

٧. مەولوودنامەی کوردی، محەمەد ڕەشاد موفتی (شیعر)، ساڵی ١٩٥٠ دانراوە.

٨. مەولودنامەی کوردی ناوی نووسەری لەسەر نییە ساڵی ١٩٥٧ لە کەرکوک لە چاپخانەی تەرەقی چاپ بووە. (نەریمان،١٩٧٧: چەند لاپەڕەیەک)

دکتۆر ئیسماعیل شەمس، سەبارەت بە سودەکانی ئەو مەولودنامانە بە زمانی کوردی دەڵێ: "هەرچەندە لەرێگەی ئەو مەولودنامانەوە وشەگەلێکی زۆری عەرەبی و فارسی هاتونەتە ناو زمانی کوردییەوە، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین ئەم مەنزومانە هەزاران وشەیان خستوەتە سەر فەرهەنگی زمانی کوردی و دەوڵەمەندیان کردووە. جگە لەوە بە کوردی کردنی زمانی ئاینی لە کوردستان بووە هۆی ئەوەی زمانی کوردی لە ناو زمانی عەرەبیدا بتوێتەوە و دەبێ سوپاس گوزاری ئەو شاعیرانە بین، کە

زمانی کوردییان لە ژێر ئاڵای زمانی عەرەبی دەرهێنا و ئاینیان بە زمانی باوباپیرانی خۆیان فێری خەڵک کرد." (شمس، تلگرام)

### ٣-٣ کاریگەریی ئەدەبی دینیی کوردی لەسەر شووناسیی نەتەوەیی

لە کۆنەوە دین بەشێکی گرنگ بووە لە شووناسی کولتووری کورد، بەهۆی ئەوەی کتێبە پیرۆزە دینییەکانی ئێزدی و یارسانی بە زمانی کوردیی نووسراون و لە رێگەی بەکارهێنانی میوزیکەوە پەیامەکانی دەگەیشتن بە پەیڕەوانی ئەو دینانە، بۆیە راستەوخۆ دەچوونە خزمەتی پێشخستنی زمان و کولتووری کوردییەوە و پێویستی بە راڤەکردن و تەفسیر نەبوو. بەڵام بە نیسبەت دینی ئیسلامەوە کە پەیامەکەی لە رێگەی زمانی عەرەبییەوە گەیشتووە بەخەڵک، تێگەیشتن بۆ غەیرە عەرەبەکان زۆر سەخت و دژوار بووە. لە سەرەتادا بەشێک لە فەقێ و زانایانی عەرەب لەگەڵ ئەوەدا نەبوون قورئان بۆ زمانی دیکە وەرگێڕدرێت، چونکە مانا باتنییەکانی لەدەست دەدا، بەڵام دواتر دەرکیان بەوە کرد کە دەکرێ بە زمانی دیکە تەفسیر بۆ قورئان بکرێ.

لە کوردستان پرۆسەی تەفسیرکردن و وەرگێڕانی قورئان رووبەڕووی چەندین کێشە و گرفت بووەتەوە، هەندێک لەو کێشانە پەیوەندی بە خودی کۆمەڵگەی کوردییەوە هەبوو، هەندێکی دیکەشی بەهۆی داگیر کردنی کوردستانەوە بوو.

لە دوای یەکەمین جەنگی جیهانی و گەشەکردنی ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزم لە باشووری کوردستان، وەرگێڕان و تەفسیرکردنی قورئان بۆ سەر زمانی کوردی بوو بە بەشێک خەباتی نەتەوەیی کوردی و لە دوای بەزۆر لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقەوە ئەم کارە بوو بە مقاوەمەی کورد لەبەرامبەر هەوڵەکان بۆ سڕینەوەی کولتوور و زمان و ناسنامەی نەتەوەیی. ئەوانەی دەستیان دایە نووسینی دەقە دینییە ئیسلامییەکان بە زمانی کوردی دەیانویست لە رێگەی ئەم دەقانەوە پەیوەندییەکانی تاکی کوردی لە رێگەی دروست کردنی بەهای هاوبەشەوە پتەوتر بکەن.

**دەقە دینییە کوردییەکان دەتوانن:**

١. دەقی دینی بە زمانی کوردی دەتوانێ کاریگەریی بەرچاوی لەسەر پەرەسەندنی نەک هەر زمانی کوردی هەبێ و بگرە راستەوخۆ کاردەکاتە سەربڵاوبوونەوەی ئایدیای ناسیۆنالیزم لەناو جەماوەردا.

٢. نووسینی دەقی دینی بە زمانی کوردی و بەکارهێنانی زمانەکە لە چوارچێوەی فەرمی و مەعنەویدا بەرز دەکاتەوە، هەروەها رۆڵ دەگێڕێ لە پێشخستن و پەرەپێدان و مۆدێرنیزاسیۆن کردنی رێزمان و وشەسازیی کوردیدا.

٣. دەقە دینییەکان، بە زمانی کوردی، دەتوانن ڕێگە خۆش بکەن بۆ فێرکردنی زمان کوردی لە ناو گەنجان بە شێوەیەکی قووڵتر، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ پاراستنی زمانەکە و فێرکردنی نەوەکانی داهاتوو.

٤ .بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دەقە دینییەکاندا، دەبێتە هۆی بەهێزکردنی شووناسی کولتووری و ناسنامەی نەتەوەیی و هانی خەڵک دەدات هەست بە شانازی بە کولتووری و دینی خۆیان بکەن.

٥. دەقە دینییەکان بە زمانی کوردی دەتوانن پەیوەندی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کورد پتەوتر بکەن، هەروەها یەکڕیزی نەتەوەیی بەرز بکەنەوە و تێگەیشتنێکی هاوبەش و بەهای هاوبەش و بیروباوەڕی دینی هاوبەش بخوڵقێنن.

ئیسماعیل شەمس پێی وایە: "هەندێ لە رەوتە ناسیونالیست و چەپەکانی کورد ئەدەبیاتی ئاینی کوردی لەناویاندا مەولود نامەکان و... بەو پاساوەی، کە ئەوە کولتووری عەرەبییە و کوردی نییە، لە زمان و فەرهەنگی کوردی جیادەکەنەوە و گوێی پێ نادەن ... دەبێ بزانین ئەو مەولودنامانە بەشێکن لە کولتووری کوردی و نابێ بەبیانووی ئەوەی، کە لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی دینی دان لا بە لایاندا نەکرێتەوە." (شمس، هەمان)

## ٤. بیروباوەڕ و کتێبە دینییەکانی شێخ محەمەد خاڵ

### ٤-١ بیروباوەڕەکانی

ئەو بزووتنەوە فکری و نوێبوونەوەیەیە کە شێخ محەمەد عەبدە و جەمالەدین ئەفغانی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەستیان پێکردبوو، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر فکری ئیسلامی هەبوو لەو قۆناغە و دواتردا هەبوو. ئەم بزووتنەوەیە جەختی لە ئەنجامدانی چاکسازیی دینی و کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی تێگەیشتنی دینی بە شێوەیەک کە لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەمدا بگونجێت دەکردەوە.

شێخ محەمەدی خاڵ، لەژێر کاریگەریی ئەم شەپۆلی بیرکردنەوە نوێخوازییەدا بووە. بە ئاشکرا کاریگەریی بیروڕاکانی عەبدە و ئەفغانی لە تێکڕای بەرهەمە دینییەکانیدا دەبینرێت. بۆ نموونە لە تەفسیرەکانی بۆ قورئان، هەروەها داواکارییەکانی بۆ ڕزگارکردنی عەقڵی ئیسلامی لە چەقبەستوویی و جەختکردنەوەی لەسەر گرنگی پەروەردە و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە پێشکەوتن و دەرباز بوون لە جەهالەت. خۆی لەو بارەوە دەڵێ: "بێگومان هەموو ئادەمیزادێکی ڕێک و راساڵا گەلی خۆی خۆش دەوێ، وە حەز بە سەربەرزی و مانەوەی ئەکا، بەڵام هۆی بنەڕەتی و کاریگەر لە جیهانی رۆشنبیری مندا نووسینەکانی جەمالەدینی ئەفغانی بوو. کە یەکەم بڵێسەی رونکردنەوەی بیرم بوو، چی لە گۆڤاری (العروة الوثقي)دا یان وتە جەمالییەکانی، کە بە فارسی ئەینووسین، لەو وتارانەدا بەرچاوم کەوت، کە زمان گیانی میللەتە، کە زمان بوو گەل هەیە کە نەبوو نییە. ئەو دوو رستەیە رایانچڵەکانم و بێداریان کردمەوە، تا ئەوکاتەش ئێمە خاوەنی فەرهەنگ نەبووین بەو شێوەیە گۆڤاری (العروة الوثقي) کە جەمالەدین بەڕێوەبەری بوو و شێخ محەمەد عەبدە سەرنووسەری بوو و بۆ دەرکردنی شوقەیەکیان لە پاریس گرتبوو، هەوێنی بزوتنەوەی رۆشنبیریم بوو، وەکو هەزارانی وەکو منی بێدار کردبووەوە. گۆڕانێک بوو بەسەر هەست و بیرما کە چۆن سود وەربگرم و سود ببەخشم." (خاڵ،٢٠٢١ب٦: ٤٣٤)

شێخ محەمەدی خاڵ، لە هەلومەرجێکدا دەستی بە چاکسازی فکری دینی لە کوردستان کرد، هێشتا کۆمەڵگەی کوردی و پیاوانی ئاینی بە تایبەتی، لەژێر هەژموونی فکری چەقبەستووی سەردەمی عوسمانییەکاندا بوون و مەسەلە دینییەکان لەناو کورد دا بە دادەپێنێکی گەورەدا تێدەپەڕی و حکومەتی عێراقیش بۆ هێشتنەوەی دۆخەکە وەک خۆی و پەکخستنی هەر جوڵانەوەیەکی کوردپەروەرانە لە ڕێگەی مەلا و پیاوانی ئاینییەوە کەڵکێکی زۆری لێ دەبینی، بەڵام شێخ محەمەدی خاڵ و چەند مەلایەکی دیکەی منەور ئاڵنگاری هەلومەرجەکەیان کرد و چاکسازی دینییان کردەوە بە ئامرازێک بۆ رووبەڕووبوونەوە لەو سیاسەتەی کە دەیویست کوردەواری بە کویلەیەتی و ژێردەستەیی بهێڵێتەوە. خاڵ لەوبارەوە دەڵێ: "پاش تەواوکردنی خوێندن و پێش ئەوەی مۆڵەتی زانایەتی وەربگرم، دەستم کرد بە دەرس وتنەوەو خوێندنەوەی تەفسیری (المنار)ی محەمەد ڕەشید ڕەزا و دانراوەکانی چاکسازی گەورە شێخ محەمەد عەبدە، هەروەها هەندێ لە ژمارەکانی گۆڤاری (العروة الوثقى) و هەندێ کتێبی هاوچەرخی نوێ، لەناو ئەم کتێبانەدا خواست و مەبەستەکانی خۆم دۆزیەوە، سودێکی زۆرم لە خوێندنەوەیان وەرگرت، سودێک قەڵەم کۆڵە لە باسیدا، سودی دنیابینیەکی نوێم لێوەرگرتن، لە حاڵێکەوە کەوتمە حاڵەتێکی تر، حاڵەتێکی ڕاستگۆییانەی وەها کار بۆ ئیسلام و موسڵمانان بکەم، خولیایی ئەوەی لا دروستکردم کار بۆ چاکسازی ئاینی و ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی بکەم، ئارەزوی خزمەتی لا دروست کردم بە تایبەت بۆ ئەدەبی کوردی، هەتا بتوانم لە ڕێگەی نووسینەوە لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان و وتنەوەی دەرسەوە پەیوەندی بە نەتەوەوە بکەم. "(خاڵ، ٢٠٢١ب٦ :٣٠٤-٣٠٥)

### ٢-٤ بەرهەمەکانی

شێخ محەمەدی خاڵ، لەڕێگەی نووسینەکانییەوە، کە لە ناوەڕاستی سییەکان تا ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو درێژبووەوە جێپەنجەیەکی بەرچاوی بەسەر نووسین و کولتووری کوردەییەوە بەجێهێشتوو. لە ماوەی ژیانیدا شێخ محەمەد کۆمەڵێک کتێبی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە، کە گوزارشت لە قووڵایی زانستخوازی و ئارەزووی بۆ پێشخستنی زمان و کولتووری نەتەوەکەی دەکات. لە گرنگترین کتێبەکانیدا "تەفسیری خاڵ" کە قورئانی پیرۆزی بە کوردی راڤە کردووە، "فەلسەفەی دینی ئیسلامی" کە تێیدا باس لە ڕەهەندەکانی بیری دینی ئیسلام دەکات و "مەولود نامە" کە باس لە ژیاننامەی پێغەمبەر دەکات، ئەوە جگە لە فەرهەنگە بە ناوبانگەکەی (فەرهەنگی خاڵ) کە گەنجینەیەکی زمانەوانی گرنگە لە لە مێژووی کولتووری کوردیدا. لەگەڵ چەندین کتێبی دیکە و دەیان لێکۆڵینەوەی زانستی. لێرەدا تەنیا ئەو کتێبانە دەخەینەڕوو ، کە لەگەڵ ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکەدا یەکانگیر دەبێ:

#### ١-٢-٤ تەفسیری خاڵ

هەنگاوی یەکەمی شێخ محەمەدی خاڵ ساڵی ١٩٣٥ بە تەفسیری (جزء عم) واتە بەشی سی لە قورئانی پیرۆز بۆ زمانی کوردی دەستی پێکردووە. خۆی لەو بارەوە دەڵێت: "تەفسیر خاڵ، تەفسیرێکی زانستیی و کۆمەڵایەتییە، بە زمانی کوردی، ڕەچاوی دەربڕینی ئاسان و وردی لە پێکەوە گرێدان و کرانەوە لە ڕەوانبێژیدا کراوە، لەگەڵ ڕەچاوی گیانی سەردەم و پێویستییەکانی و گونجانی لەگەڵ گیانی شارستانی و عەقڵی کامڵ داکردوە ..." خاڵ،٢٠٢١ ب٦ :٣٠٩)

سەبارەت بەو ڕێبازەی تەفسیرەکەی پێکردوە و ڕادەی کاردانەوەی لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان، شێخ محەمەد دەڵێ: "لەسەر ڕێبازی شیخ محەمەد عەبدە (میهربانی خوای لەسەر)، لە ساڵی (١٩٣٥ز) لە چاپخانەی (ژین) لە سلێمانی چاپم کرد، ئەمە یەکەم تەفسیر بوو بە زمانی کوردی بینووسم، کاردانەوە و کاریگەری گەورەی هەبوو لای خوێنەرانی بەڕێز، دانەیەکیم بە دیاری نارد بۆ زانای گەورە شێخ عومەر وەجدی، شێخی بەشە ناوخۆیەکانی قوتابیانی کورد (رواق الأكراد) لە زانکۆی ئەزهەر، پەسەندنامەیەکی کورتی بۆ نووسیبوو، ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانم بوو ئەم بڕگەیە بوو کە ئەڵێ: (بەڕاستی ئەوەی جێگەی مشتومڕ نیە، تۆ هەنگاوێکت بە نەتەوەکەت ناوە بە زانستی تەفسیر بە جزمێک لە سی جزمەی قورئانی پیرۆز)، دواتر ئەم جزمەم بۆ جاری دووەم بەدرێژی تەفسیر کردەوە لە ژێر ناوی (تەفسیری خاڵ)دا، لەگەڵ نۆ جزمی تر لە قورئانی پیرۆز." (خاڵ،٢٠٢١ ب٦ :٣٠٦)

هەروەها دەڵێت: "لە ساڵی ١٩٦٩ تاوەکو ساڵی ١٩٧٣ تەفسیری جزمی یەکەمی و دووەمم نووسی و لەچاپم دا دوای ئەوە ویستم هەر لەسەرەوە پیا بێم تا چەندێک گەیشتم، بەڵام کە تەماشام کرد جزمی عەم و تبارک و قد (سمع الله والذاريات) لە هەموو جزمەکانی تر زۆرتر بە سەردەمی قوتابی مەعهەدی ئیسلامی و قوتابخانەکان و مامۆستای مەکتەبەکانەوەن، هەروەک بەدەست خوێنەوارانی کوردەواریشەوەن لە کەسبەی بازاڕ جا لەبەرئەوە ویستم ئەم چوار جزمە لە چاپ بدەم ئەنجا بگەڕێمەوە سەر جزمی سێیەم و چوارەم و تا دوایی." (خاڵ، ١٩٧٩ :٣)

**٢-٢-٤ تایبەتمەندییەکانی تەفسیر لەلای شێخ محەمەدی خاڵ**

لە پێشەکی بەرگی یەکەمی چاپی ١٩٦٩ (تەفسیری خاڵ)دا شێخ محەمەدی خاڵ بەراوردێک دەکات لە نێوان چوار شۆڕش، شۆڕشی محەمەد عەلی پاشا، شۆڕشی فەرەنسا، شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیا و شۆڕشی محەمەد عەلی بۆ بڵاو کردنەوەی ئیسلام. بە ڕای خاڵ، لەو شۆڕشانە تەنیا شۆڕشی محەمەد عەلی سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا و دوای مردنی خۆی شۆڕشەکەشی کۆتایی هات، چونکە لە دڵ و دەرونی کۆمەڵەوە نەبوو، خاوەن وێژە و قەڵەمەکانی لەگەڵا نەبوو، بەڵام شۆڕشەکانی فەرەنسا و ڕوسیا هەم خەڵکیان لەگەڵدا بوو هەمیش ئەهلی قەڵەم و نووسەر و وتاربێژ و شاعیرەکان کە تۆوی ئازادی و سەربەستییان لە ناو دڵ و دەرونی کۆمەڵە و گەلا ناشت و بەخوێنی لاوان ئاویاندا تا سەوز بوو. جیاوازی شۆڕشی محەمەد ئەوەیە کە قورئانی لەگەڵدا بوو کە هەرچی گرێ و کۆسپێک بهاتایەتە پێشەوە خێرا لای ئەبرد، چونکە قورئان بۆ شۆڕشی ئیسلام ڕۆژنامە بوو، گۆڤار بوو، ئێستگە بوو، نووسەر بوو، بوێژی بوو و ئەتوانم بڵێم ئەوەی قورئان کردویەتی بۆ شۆڕشی پێغەمبەری ئیسلام بە هەزاران وەزارەتی دیعایە و ... نەئەکرا... (خاڵ، ١٩٦٩: ٢١)

شێخ محەمەد خاڵ، بەم تێڕوانین و خۆشەویستییەوە بۆ قورئان دەست دەکات بە تەفسیرکردنی ئایەتەکان بە زمانی کوردی. ئەو بە یەکێک لە زانایانی دیاری کوردستان دادەنرێت، کە ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە تەفسیری قورئانی پیرۆز و شیکردنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر بە زمانی کوردی. خاڵ لە ماوەی چەندین ساڵدا هەوڵی داوە شەریعەتی ئیسلامی بە شێوەیەک بخاتەڕوو، کە ببێتە هۆی پتەوکردنی پێگەی کولتوور و زمانی کوردی، لە پاڵ ئەوەدا تەفسیرەکانی کاریگەریی زیاتری هەبوو لە ئاشنا کردنی خەڵکی کوردستان بە بنەماکانی دینی ئیسلام.

دکتۆر ئاراس محەمەد ساڵح، لەبارەی ناوەڕۆکی تەفسیرەکانی شێخ محەمەدی خاڵەوە دەڵێ: شێخ محەمەدی خاڵ یەکەم کەسە کە بە زمانی کوردی گوتاری تەفسیری نووسیوە و پێش ئەو کەس ئەو هەنگاوەی نەناوە، گوتاری تەفسیری بە زمانێکی ئاسان و سادە دەنوسێت.. لە هەموو ئەو گوتارە تەفسیریانەیدا داوای چاکسازی ئاینی و ئیصلاحی کۆمەڵ دەکات و بە گژ بیری داخراو و خورافە و پڕوپوچدا دەچێتەوە، هەروەها داوای چاکسازی کۆمەڵایەتی دەکات، دژایەتی هەموو دابونەریتە دواکەوتووەکان دەکات و داوای گۆڕین و چاکسازییان دەکات، هەر ئەمەش وادەکات تەفسیرەکەی بە تەفسیری چاکسازی ناوزەند بکرێت. (صالح، ٢٠١٨: ٢٢-٢١)

شێخ محەمەد خاڵ، لە وەرگێران و تەفسیری قورئان بۆ زمانی کوردی، پشتی بە میتۆدۆلۆژیایەک بەستووە کە تێکەڵەیەکە لە وردبینی زمانەوانی و ڕوونی تەفسیرەکانی بۆ ئایەتەکان. میتۆدۆلۆژیاکەی لەم بازنەیەی خوارەوەدا دەسوڕێتەوە:

١. ٢-٢-٤ **زمانێکی سادە و پێگەیشتوو:** شێخ محەمەد خاڵ بە زمانێکی سادە و ڕوونی کوردی تەفسیری قورئانی پیرۆزی کردووە، هەوڵی داوە مانا ورد و قوڵ و مەعنەوییەکانی دەقە دینییەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی وشەی کوردی بگەیەنێت، بە هەمان شێوە تەفسیری فەرموودەکانی پێغەمبەری کردووە و پەیوەستی کردووە بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کوردەوە.

تێڕوانینەکانی لە ڕوانگەیەکی کوردانەوە ختسوتەڕوو، چونکە شارەزای کۆمەڵگاکەی بووە. ئەو زاراوە و دەستەواژانەی لە زمانی کوردیدا بەکارهێناوە کە تێگەیشتنی بۆ زۆرینەی خەڵک ئاسان بێت.

٢. ٢-٢-٤ شێخ محەمەدی خاڵ تەنیا بە لێکدانەوە و شیکردنەوەی دەقەکانەوە نەوەستا، بەڵکو هەوڵی پێگەیاندن و پەروەردە و فێرکردنی کۆمەڵێک خوێندکار و زانای داوە تاوەکو دوای خۆی درێژە بەو ڕەوتە بدەن.

٣. ٢-٢-٤ ئەو چیرۆک و گێڕانەوە و نموونانەی کە لە قورئاندا ئاماژەیان پێکراوە، هەوڵی داوە بە شێوەیەک لێکیان بداتەوە، کە لەگەڵ کولتوور و داب و نەریتی کوردەواریدا بگونجێت. ئەو کە لە چیرۆک و داستانە قورئانییەکان دەکۆڵێتەوە، بەشێوەیەک تەفسیریان دەکات لەگەڵ بیروباوەڕی جەماوەری و ئەفسانە لۆکاڵییەکانی کوردەواریدا بیانگونجێنێت بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی باشتر لەم چیرۆکانە بە خەڵکی کوردستان ببەخشێت.

٤. ٢-٢-٤ **پشتبەستن بە سەرچاوەی تەفسیری ڕەسەن:** بۆ ئەوەی سوودی زیاتر بگەیەنێت کەڵکی لە تەفسیرە ئیسلامییە ڕەسەنەکان وەرگرتووە، بە تایبەتی تەفسیرە بەناوبانگەکانی تەبەری و ئبن کەسیر و سەرچاوە کلاسیکیە ئیسلامییەکانی وەک (تاریخ القرانی) محەمەد تاهر کوردی و ئەبی عەبدوڵلا زەنجانی و زانا هاوچەرخەکانی وەک سەید قوتب و محەمەد عەبدە، بە تایبەتی ئەمەی دواییان لە زۆر جێگەدا ئاماژە بە بیروڕاکانی داوە. هەروەها سودی لە کتێبی دائیرەتولمعاریفی سەدەی بیستەم وەرگرتووە.

٥. ٢-٢-٤ **تەفسیرکردن لە ڕێگەی خستنەڕووی ڕای خۆی:** شێخ محەمەدی خاڵ تەنیا بە گەیاندن و خستنەڕووی ڕای زانایانی دیکەی ئیسلامییەوە نەوەستاوە، بەڵکو زۆرجار بۆ تێگەیشتن لە دەقەکان، کەڵکی لە زانستی زمانەوانی و ئەدەبی و شەرعی بەستووە، ئیجتهادی شەخسی خۆی ختسوتەڕوو. هەروەها هەندێ جار ڕای زانایانی بایۆلۆژی بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی هێناوەتەوە، بۆ نمونە کاتێک تەفسیری ئایەتی {وقاتلوا في سبيل الله واعلموا أن الله سميع عليم} دوای ئەوەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی (جەنگ بکەن لە ڕێی خودا، و بزانن کە خودا ژنەواو دانایە). شێخ لە تەفسیرەکەیدا ئەو جەنگەی کە لە ئایەتەکەدا هاتووە فراوانتر دەکات و تەنیا نایبەستێتەوە بە جەنگ لەپێناوی خوا و دینەکەی، بەڵکو وای تەفسیر کردووە کە "جەنگەکە لە پێناوی بەرزبوونەی نیشتماندایە تا بێگانە و زۆرداری ستەمکار زاڵ نەبێ بەسەر خۆتان و ئاینتانا و پارچەپارچەتان نەکەن و دەستدرێژی بۆ سەر و ماڵ و ناموستان نەکەن و خاکی پڕ لە زێڕ و زیوتان داگیر نەکەن." (خاڵ ٢٠٢١ ب١ :٣٧٨)

زۆرجار شێخ محەمەد، تەفسیر کردنی ئایەتێک بەشێوەیەک تەفسیر دەکات کە دەردێکی کۆمەڵگەکەی خۆی پێ چارە بکات. بۆ نموونە لە تەفسیر (فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقْتَدِهْ-انعام ٩) دا دەنووسێ : "واتە چاو لە چاکی چاکانی ڕابردوو بکە. یەعنی کتێبی تاریخ بخوێنن، وە لە سەر گوزەشت و بەسەرهاتی ڕابردوو بگەن، وە بزانن ئەوان چۆن بوون و چیان کردوە، وە بە چ ڕێگایەکا ڕۆیون و پێشکەوتوون، ئێوەش بەو ڕێگایەدا بڕۆن، وە بە چ ڕێگایا ڕۆیشتوون و پاش کەتوون ئێوە بەو ڕێگایەدا مەڕۆن." (خاڵ، ٢٠٢١ ج١: ٥١)

ئەم تەفسیرەی شێخ محەمەدی خاڵ بۆ ئەو ئایەتە، هاوکاتە لەگەڵ هەڵمەتی نووسینەوەی مێژووی کورد لە لایەن نوخبەی کوردە کە لە سییەکانی سەدەی بیستەم لەسەر دەستی محەمەد ئەمین زەکی بەگ و هاوڕێکانیدا دەستی پێ کردبوو، ئامانجی ئەوان لەوەدا ئەوە بوو کە کورد خۆی بە غەریب نەزانێ لە مێژووی ناوچەکە، شێخ محەمەد لەم ڕێگەیەوە هاندانی خەڵکەکەی دەدا بۆ خوێندنەوەی مێژووەکەیان وەرگرتنی پەند و عیبرەت لێی.

**٤-٤. فەلسەفەی ئاینی ئیسلام:**

لە پێشەکی کتێبی (فەلسەفەی ئاینی ئیسلام) دا نووسیویەتی: "ئەم کتێبەمان پێشکەشی ڕۆحی پاکی فداکاری لاوان و تازە پێگەیشتوانی خوێن گەرم و گەنجان و جەوانانی دڵپاک و مامۆستایانی هونەرمەندی سینە چاکی کورد کرد، تا بە چاوی میهرەبانی و دڵێکی خاوێنەوە تەماشای، وە لە کەموکوڕی چاوپۆشی بکەن و لە ڕاستی و دروستی و ڕێک و ڕەوانی بەهرەمەند ببن." (خاڵ، ١٩٣٨: ب)

شێخ محەمەدی خاڵ، بەشێکی ئەم کتێبەی تەرخان کردووە بۆ نیشتمانپەروەری لە ڕوانگەی ئیسلامەوە و سەرەتا لە پێناسەی نیشتماندا دەڵێ: "نیشتمان بەو جێگایە ئەڵێن کە ئادەمیزادی تیا پەیدا ئەبێ. وە بە خواردن و خواردنەوەی گۆش ئەکرێ، گەورە ئەبێ وە بە باو و شەماڵی خۆشی ئەژی و ئەبوژێتەوە وە بە زبانی ئەوێ مەبەس و ئارەزوی خۆی بەجێ دێنێ. وە بەرەوشت و خووی بەهرەمەند ئەبێ و وێڵ ئەگرێ. وە لە ناویا فێری خوێندن و نوسین و زانین و خوێندەواری ئەبێ. وە بە سەیرانی گوڵ و گوڵزاری و لالەزار و چەموو و چیمەن و چنار و چیاکانیا و کارێز و تاڤگە و ڕەز و سەوزی و باخ و دەشت و شاخەیەوە

کەیف خۆش و دڵ گوشاد ئەبێ. کەوابوو نیشتمان مایەی بوون و ژینە. لە دوای خوا هەر ئەوە خاوەنی و رۆژی دەر و لەو مامۆستا و باوک و دایک و خزم و خوێش و کەس و برا.

ئەو نیشتمانە، ئەو ئاو و گڵە، پشت و ئەژنۆیە، هەم جەرگ و دڵە، باوک و باپیر و برا و کەس و خاڵ لەوێدا رۆین و گشت بوون بە زوخاڵ، مردن و رزین، گەڕان بەو خاکە وەتەن باوک و دایک، وەتەن هەم کاکە. کەوا بوو کەسێ کوڕی باوکی خۆی بێ، بەدڵ و بە گیان نیشتمانی خۆی خۆش ئەوێ. و هەمیشە هەوڵ ئەدا بۆ زیندوبونەوە و سەرکەوتن و پێشکەوتن و بەرزبوونەوەی و نایەڵێ دوژمن دەستی بۆ درێژ کا و زیانی پێ بگەیەنێ.... (خاڵ، ١٩٣٨: ٣٩-٤٠٣)

پاشان باس لە نیشتمان پەروەری لە روانگەی ئیسلام دەکات و دەڵێ: "بۆ خۆشەویستی نیشتمان گێڕانەوەی ئەم فەرمایشە لە دەمی پێغەمبەرەوە (حب الوطن من الایمان) یەعنی خۆشەویستی نیشتمان لە باوەڕمانەوەیە، تا ئیمان بەهێز تر بێ خوشەویستی نیشتمانیش زۆرتر ئەبێ.

هەم پێغەمبەر (ص) بۆ باسی نیشتمان و پاراستنی لە دوژمن ئەفەرموێت (رباط شهر خیر من صیام دهر) یەعنی وەڵاغ ئاخاوتنی مانگێک بۆ فێربوونی سواری و تاوادان بۆ رۆژی تەنگانە و جەنگ لەگەڵ دوژمنانی دین و نیشتمان چاکترە لە هەمیشە بەرۆژو بوون، هەرگا ئەمە وابێ بە پێی فەرمایشی پێغەمبەر دەرئەکەوێ فێربوونی پێویستیانی جەنگ بەپێی ئەمڕۆ لە تۆپچیتی و تەیارەچێتی، شتانی تازەی تریش بۆ بەرابەری دوژمنانی نیشتمان لە فێر بونی سواری کەمتر نییە، بەڵکو پێویست ترە.... "(خاڵ، هەمان: ٤١-٤٢)

لە کۆتایی ئەو باسەدا باس لە ئەرکی گەلان دەکات بەرامبەر بە نیشتمانەکەیان و دەڵێ: "هەر گەلێ لە رێی نیشتمانیا درێغی کردبێ، ریسوا و رەزیل و زەبوون و دیلی بووە. و هەرگەلێکیش نیشتمان پەرەست بووبێ و سەروماڵی خۆی بەخت کردبێ لەرێی پاسی و ژیان و بەرزی نیشتمانیا، هەمیشە سەرخۆش و دڵ خۆش و ئازاد و سەربەرز بووە، کەوابوو پێویستە بۆ هێشتنەوەی ژیان و گیان و پاسی نام و نیشان، خۆشەویستی نیشتمان و بەسەر و ماڵ درێغی و کۆتاهی نەکردن لە رێی نیشتمانا.. " (خاڵ، ١٩٣٨: ٤٣)

لە گەرمەی چالاکییە سیاسییەکانی حزبی هیوا و شۆڕشی دووەمی بارزانی، کۆمەڵەی ژێ کاف لە رۆژهەڵاتی کوردستان، شێخ محەمەدی خاڵ وتارێکی تەفسیری بۆ ئایەتی: ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ خَرَجُوا مِن دِيَارِهِمْ وَهُمْ أُلُوفٌ حَذَرَ الْمَوْتِ فَقَالَ لَهُمُ اللَّهُ مُوتُوا ثُمَّ أَحْيَاهُمْ إِنَّ اللَّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى النَّاسِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ) البقرة:٢٤٣ دەنووسێ و تێدا بە روونی پشتگیری هەموو چالاکییە سیاسی و سەربازییەکانی جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد دەکات و لە پێشدا باس لە گەلێکی نیشتمان داگیر کراو دەکات و دەنووسێ: "دەستوور و باوی خوا وایە لە جیهاندا هەرگەلێ بەهۆی ترسنۆکی و تەنپەروەرییەوە بەرانبەری دوژمنی نیشتمانی خۆی نەکرد، تا هەموو خاکی داگیر کرا و خۆیان کران بە دیل و هەموو لایەکیان کەساس و رسوا و بێنەوا کەوتن و ستەمیان لێ کرا، ئەو حەلە ئەنجا تێگەیشتووەکانیان بیر ئەکەنەوە و تێ ئەگەن کە ئەمانیش لەمەوە پێشا گەلێک بوون لەگەلان، وساڵەهای ساڵ بە ئاسمانی شادمانیەوە، وەک ئەستێرەی گەلاوێژ لە ورشە و پروشە و بریسکە و تریسکەدا بوون...." (خاڵ، ١٩٤٤: ١٨)

تا ئەگاتەوە ئەوەی بەرنامەیەک بۆ رزگار بوون لەو دۆخە دادەنێ و دەنووسێ: "ئەنجا کە باش وردبوونەوە و تێگەیشتن، دڵیان ئەکوڵێ و چاویان هەڵ ئەقوڵێ و دەرونیان هەڵ ئەقرچی و کزە لە جەرگیانەوە بۆ ئەم کەساسی و رسوایی خویانە، ناچار ئەنجا گەنجە تێگەیشتوەکان وە لاوە پێگەیشتوەکان بە دزیەوە کۆ ئەبنەوە وە هەرچی قین و کینە و فیز و دوو دڵی و زویری و دووبەرەکی و هەوەس و ئارەزووواتی بیهودەی کۆنیان هەیە هەمووی بە جارێ ئەخەنە ژێر پێوە، وە هەمو تێکرا دەست ئەکەنە ملی یەک وە ئەبن بە برایەکی یەک دڵ و یەک قسەو یەک بیر، وە چەن کومەڵێکی پەنهانی ریک ئەخەن، وە پەلوپۆ بە هەمو لایەکا ئەهاوێژن وە لە هەموو لاوە خەریکی تێگەیاندنی مەردوم ئەبن وە بەرەبەرە ئەیاننوسێنن بە یەکەوە، تا کومەڵێکی زور گەورەی یەک بیری یەک ئامانج ریک ئەخەن، ئینجا ئەو حەلە بەرەبەرە خویان لە دیلی دەرباز وە لە نۆکەری بێگانان سەر فراز ئەکەن، وە ئەبنەوە بە گەلێکی سەربەخۆی سەربەرز." (خاڵ، هەمان: ٢٠-٢١)

دکتۆر ئاراس محەمەد ساڵح، لەم بارەوە رای وایە: هەرچەندە شێخ محەمەدی خاڵ بەشداری کاری سیاسی و رێکخراوەیی نەکردووە، بەڵام لەرێگەی نووسینەکانیەوە پشتگیری کردووە و بە کارێکی باشی زانیوە و لەو تەفسیرەی سەرەوە بۆ ئەو ئایەتە بە ئاشکرا بانگەشە بۆ کاری رێکخراوەیی و سیاسی و خەبات بۆ رزگاری نیشتمانی دەکات. (صالح، ٢٠١٨: ٣٤-٣٦)

**٤-٥ مەولودنامەی نەوئەسەر، یان تاریخی پێغەمبەر**

لە سییەکانی سەدەی رابردوو و دوای ئەوەی عێراق لە ئینتدابی بەریتانی رزگاری بوو و توانی شۆڕشەکانی شێخ محمود و بارزانی دامرکێنێتەوە، هەروەها بەهۆی پشتکردنە کورد لەلایەن ئینگلیزەوە، پەیرەوکردنی زەبروزەنگ لەلایەن دەسەڵاتی پاشایەتی عێراق لە دژی ئەوانەی چالاکیی سیاسی بوون و کوردایەتیان دەکرد، هەلومەرجێک هاتەوە ئاراوە بەشی زۆری کۆمەڵگەی کوردی خۆی لە سیاسەت و کوردایەتی بەدوور دەگرت. بە واتایەکی تر بەدەم بانگەواز و هەوڵی نوخبەکان بۆ کاری سیاسی نەدەچوون، کۆمەڵێک لەو نوخبانە بە ناچاری پەنایان بردە بەر ڕێگا و ڕێکاری دیکەی دوور لە چالاکیی سیاسیی راستەوخۆ بۆ ڕێکخستنی جەماوەر بەشداری پێکردنیان لە بزووتنەوەی نەتەوەی کوردی.

دکتۆر جۆیس بلو (١٩٣٢-) ، پسپۆڕی ئەدەب و زمانی کوردی لە بارەی رۆڵی ئەو رۆشنبیرانەی، کە باوەڕیان بە ناسیونالیزمی کولتووری هەبوو، دەڵێت: "رۆشنبیران و نووسەرانی کورد ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی زانستی و ئەدەبی و سەفەرنامەی بەنرخیان لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزییەوە بۆ کوردی وەرگێراوە و کۆمەڵێک بابەت زۆر، کە پەیوەست بە کورد و کوردستان بوو لە لایەن نووسەرانی ئینگلیزی و ئەورووپی و لە گۆڤارە عەرەبیەکاندا بڵاو دەکرانەوە وەرگێردران بۆ کوردی. هەروەها کۆمەڵێک لە توێژەرەکان کاتی خۆیان بۆ جاپکردنی ڕێزمان و کولتوور و فۆلکلۆری کوردیدا تەرخان کرد، هەروەها گرنگییەکی زۆریان بە مێژوو و جوگرافیا و ئەدەب و شیعری کوردی دا، بەڵام سەبارەت بە پرسەکانی رۆژ، بە وریایەوە قسەیان لەسەر دەکرد و بابەتە نیشتمانی و ناسیۆنالیستییەکان تەنها لە قاڵبی شیعر و ئەفسانەی ڕابردوودا باس دەکران." (بلو، ١٣٧٩: ٢٢)

جەمعییەتی زانستی کوردان کە لە ٢٧ی کانوونی دووهەمی ١٩٢٦ لە سلێمانی دامەزرابوو، لەو قۆناغەدا رۆڵێکی گەورەی دەگێرا، کاروچالاکی جەمعییەتەکە، بە هۆی گیانی خۆبەخشانەی ئەندامان بە گشتی و پیرەمێرد بە تایبەتی، تا دەهات پەرەی دەسەند، بیر لە ڕێگەی جۆراوجۆر دەکرایەوە بۆ گرنگیدان بە شووناسی نەتەوەیی. یەکێک لەوانە ئاهەنگێران بە بۆنەی مەولودی پێغەمبەرەوە. شێخ محەمەدی خاڵ لە پێشەکی چاپی دووەمی ساڵی ١٩٧٢دا، سەرگوزشتەی نووسینی ئەم مەولوود نامەیەی بەم شێوەیە گێراوەتەوە: "لە ساڵی ١٩٣٦ز، کە خوا لێخۆشبوو پیرەمێرد سەرۆکی زانستی بوو (جەمعییەتی زانستی کوردان) ویستی مەولوودێک بخوێنێتەوە لە زانستی، لەو حەلەشا لە مەولوود نامەکەی شێخ حەسینی قازیی زیاتر – کە سەدو پەنجا ساڵ بوو نوسراوابوو- هیچی تر نەبوو، کە ئەویش زۆری قسەی پروپوچن وە شیعرەکانیش عەرەبین، ناچار پیرەمێرد داوای لێ کردم کە مەولود نامەیەک بنووسم، منیش هاتم لە مێژووی پێغەمبەر کورتەیەکم دەرهێنا، لەو باسانەی کە ببن بە سەر مەشق بۆ هەموو کەسێک وە بۆ هەموو گەلێک.

لە پاشا هەر باسێک کە من ئەمنووسی پیرەمێرد ئەیکرد بە شیعر، تا لە میانەی مەولوودنامەکەدا بخوێنرێتەوە بە مەقام و دەنگی خۆشەوە، رۆژێ لە پێش مەولوودا پیرەمێرد دۆستان و ناسیاوانی بانگ کرد بۆ گوێگرتن لە مەولودنامە تازە و ئەم شیعرانەی دواوەی بە چاپ کراویی بۆ ناردن:

زانستی ڕێی خوێندنی هەڵکرد دوژمنێکی وەک نادانیی کۆ کرد
ئێستاش ئەیەوەێ بۆ پاسی ئاین ژیانی پێغەمبەر بکا بەپەرژین
وا مەولودێکی تازە ئەخوێنین بۆ عەسری هەینی زوو تەشریف بێنن" (خاڵ، ١٩٧٢: ٤-٥)

هەروەها لە پێشەکی چاپی یەکەمی ئەو نامیلکەیەدا باسی لەوە کردووە نووسینی مەوولود نامەکە بەهانە بووە بۆ ئەوەی خەڵک بە زمانی خۆیان بخوێننەوە و لەوبارەوە دەبێژێ: "بۆ ئەوەی هاوزمانەکانم لە داستان و سەرگوزشتەی پێغەمبەرەکەیان بگەن، هاتم بە ناوی مەولوودنامەوە لە بەسەرهاتی پێغەمبەر ئەم چەند لاپەڕەیەم نووسی، بەڵکو خوا یاربێ بەم بەهانەیەوە بخوێنرێتەوە لە ناو موردوما، و گوێی لێ بگرن...." (خاڵ، ١٩٧٢: ٤)

یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی جەمعییەتی زانستی کوردان لەو قۆناغەدا، بژارکردن و پاکژکردنەوەی زمانی کوردی بوو لە وشەی بێگانە. بەبەراورد بەو کتێبانەی لەو سەردەمەدا نووسراون، شێخ محەمەدی خاڵ سەرەڕای ئەوەی بابەتەکەی پەیوەندیدار بووە بە بۆنەیەکی دینی ئیسلامەوە، بەڵام لەم نامیلکەیە و کتێبەکانی دیکەیدا، کەمترین وشەی عەرەبی بەدی دەکرێت. هەر

بەهۆی هەوڵەکانی شێخی خاڵ و نوخبەکانی دیکەوە توانرا لە ماوەی پەنجا ساڵدا، زمانی کوردی لەگەڵێک وشەی بێگانە بژار بکرێت. بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی دکتۆر جەمال "لە نێوان ساڵانی ١٩٢٤ بۆ ١٩٣٩، ٤٦.٤٪ زمانی کوردی وشەی بێگانە بوو، بەڵام لە ماوەی بیست ساڵی دواتردا واتە لە ساڵی ١٩٣٩ تا ١٩٥٨ دابەزی بۆ ٩.٥٨٪، لە ساڵی ١٩٥٨ تا ١٩٧٣ تەنها ٤.٤٦٪ وشەی غەیرە کوردی مایەوە." (Abdulla,1980,181)

**٥. دەرەنجام**

بەرهەمەکانی شێخ محەمەدی خاڵ، بەتایبەتی تەفسیرەکانی بۆ قورئان بە زمانی کوردی، ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە بەهێزکردنی هەستی ناسیۆنالیزم و بیری نیشتمانپەروەرانە لە نێو کۆمەڵگەی کورددا. دەکرێ کاریگەریی ئەم بەرهەمانە لە ڕێگەی چەند خاڵێکەوە بخرێتەڕوو:

١. **پاراستنی ناسنامەی زمانەوانی:** نووسین و تەفسیر کردنی قورئان بە زمانی کوردی یارمەتیدەر بوو بۆ پاراستنی زمانی کوردی وەک زمانی دین و زانست، ئەمەش بووە هۆی پتەوکردنی پێگەی زمانی کوردی لە بەکارهێنانی لە ژیانی ڕۆژانەدا، هەروەها بووە هۆی بەهێزکردنی هەستی ئینتما بۆ کولتووری نیشتمانی و نەتەوەیی.

٢. **گرێدانەوەی دین بە شوناسی نەتەوەییەوە:** شێخ محەمەدی خاڵ دەقە دینییەکانی بە زمانێکی وا پاراو و سادە و بەمانا دەخستەڕوو، کە مرۆڤی سادە و خوێندەوار وەک یەک لێی تێبگەن، ئەمەش وایکرد دینی ئیسلام ببێتە ئامرازێک بۆ یەکخستنی گەلی کورد و کۆبوونەوەیان لە دەوری ناسنامەکەیەک. تەفسیرەکانی شێخ محەمەدی خاڵ بەها دینییەکانی وەک قوربانیدان و کەرامەت و بەرخۆدان بەرامبەر ستەمکاری ئاوێتەی بەها نەتەوەییەکان دەکرد.

٣. **بەرەوپێشبردنی پەروەردەی دینی:** تەفسیرەکانی شێخ محەمەدی خاڵ بۆ قورئان بە زمانی کوردی، بوونە هۆی پێشخستنی پەروەردەی دینی بە شێوەیەکی زانستی و دوور لە خورافات، ئەمەش بووە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری دینی و نەتەوەیی لە ناو خەڵک، بەو پێیەی پەروەردەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ ئەنجام دانی ئەرکەکانی سەر شانیان کاری نوخبەی ناسیۆنالیزم بوو، شێخ محەمەد دینی کرد بە فاکتەرێکی کاریگەر بۆ بنیاتنانی شووناسێکی بەهێزی دینی و نەتەوەیی.

٤. **بەرەنگاری پەراوێزخستنی کولتووری:** لەو قۆناغانەی کە داگیرکەرانی کوردستان بە هەموو توانایەکییانەوە سەرکوتی کولتووری و سیاسییان لە دژی کورد پەیڕەو دەکرد، نووسینە دینییەکانی شێخ محەمەدی خاڵ ئامرازێک بوون بۆ پاراستنی شووناسی کورد لە بەرامبەر هەوڵەکانی سڕینەوە و پەراوێزخستن، دەقە دینییەکانی شێخ محەمەدی خاڵ چەمکی رووی لە هەموو خەڵک بوو، نەک بە تەنیا چینێکی دیاری کراو.

بەم شێوەیە دەکرێ بڵێین نووسینەکانی شێخ محەمەدی خاڵ بە شێوەیەکی کاریگەر بەشدارییان کردووە لە ئاوێتەکردنی دینی ئیسلام لەگەڵ بیری ناسیۆنالیستی، ئەمەش بووە هۆی بەهێزبوونی هۆشیاری ناسیۆنالیستی لە نێو کورددا.

**٦. پێشنیارەکان:**

لێکۆڵینەوە سەبارەت بە پەیوەندی دین بە ناسیۆنالیزم و گرنگییەکەی بۆ دۆخی کوردستان، پێویستی بە ڕوانگەیەکی قووڵ هەیە بۆ تێگەیشتن لە رۆڵی دین لە بنیاتنانی شووناسی نەتەوەیی کورد و دۆزینەوەی ئەو ئاڵەنگارییانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. لێرەدا چەند پێشنیارێک دەخەینەڕوو بۆ ئەوەی ببنە بنەمایەک بۆ لێکۆڵینەوە لەم بابەتە لە داهاتوودا:

**٦-١. کاریگەریی دین لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی کورد:**

- شیکردنەوەی ڕۆڵی دین لە بنیاتنانی شووناسی نەتەوەیی کورد بە درێژایی مێژوو.
- لێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان ئیسلام و ڕەوتە ناسیۆنالیستیەکانی کورد و چۆنیەتی کارلێکی کورد لەگەڵ دین وەک رەگەزێک بۆ یەکخستن یان لێکدابڕان.
- ڕۆڵی کەمینە دینییەکان لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا (وەک ئێزیدی و مەسیحی و کاکەییەکان) و کاریگەرییان لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی.

**٦-٢. دین وەک ئامرازێکی سیاسی بۆ چوارچێوەدان بە ناسنامەی نەتەوەیی:**

- شیکردنەوەی ئەو سیاسەتەی ئەو وڵاتانی داگیرکەری کوردستان گرتویانەتەبەر بۆ بەکارهێنانی دین بۆ سەرکوتکردن و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد، چ لە سەردەمی عوسمانی یان لە وڵاتە دروستکراوەکانی وەک عێراق و تورکیا و ئێران.
- لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی نەتەوەیی ئەو وڵاتانەی کە کورد لەخۆ دەگرێت و هەوڵەکانیان بۆ ئاسمیلە کردنی ناسنامەی کورد لە ڕێگەی بەکارهێنانی دین یان ئیستغلال کردنی دینەوە.

**٦-٣. ئاڵنگارییە مۆدێرنەکان: ناسیۆنالیزم بەرامبەر بناژۆخوازی دینی:**

- لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی کارلێکی هزری ناسیۆنالیستی کوردی لەگەڵ بزووتنەوە ئیسلامییە بناژۆخوازەکان، کاریگەریی ئەمە لەسەر هەوڵەکان بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی یان پاراستنی شووناسی نەتەوەیی.

ئەم لێکۆڵینەوانە دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ تێگەیشتنێکی قووڵتر لە پەیوەندی ئاڵۆزی نێوان دین و ناسیۆنالیزم و هەروەها تێگەیشتن لەوەی چۆن کورد بتوانێت لە ژێر ڕۆشنایی ئاڵنگارییەکاندا شووناسی نەتەوەیی خۆی بپارێزێت کە بەبەردەوام هەڕەشەی سڕینەوەی لەسەرە.

**٧. سەرچاوەکان**


1. أبي شيبة، أبو بكر عبد الله بن محمد (٢٠٠٧) كتاب المصنف، تحقيق ابى اسامه بن ابراهيم، القاهرة - الفاروق الحديثة للطباعة والنشر.
2. ئەلکەرملی، ئەناستاس ماری. ٢٠٠٦. کتێبی ئێزدییەکان جیلوە و مەسحەفا رەش و بیبلوگرافیای ئێزدیاتی، بنکەی ژین، وەرگێرانی نەجاتی عەبدوڵڵا.
3. ابن تيمية (٢٠١٠) كتاب غربة الإسلام، دار الصميعي، الطبعة الاولى.
4. ابن خلدون (٢٠٠٤) مقدمة ابن خلدون، الجزء الثاني، حقق عبد لله محمد الدرويش، الطبعة الاولى، الدمشق سوريا، دار يعرب.
5. بابی، لالو (٢٠١١) گوتوبێژێکی دەگمەنی توفیق وهبی و خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، کوردستان.
6. بلو، ژويس (١٣٧٩) مساله كورد برسى تاريخى و جامعه شناسى، مترجم د. پرويز امين، سنندج، مركز انتشارات كوردستان شناسى دانشگاه كوردستان.
7. پێنجوێنی، موفتی (١٩٩٠) دیوانی مفتی پێنجوێنی، ئامادەکردن و کۆکردنەوەی ئومێد ئاشنا، عەبدولکەریم موفتی، ئەمینداری گشتی رۆشنبیری ناوچەی کوردستان.
8. البيطار، نديم (١٩٨٢) حدود الهوية القومية: نقد عام. بيروت: دار الوحدة.
9. التونجي، محمد (١٩٨٨) اليزيديون واقعهم، تاريخهم، معتقداتهم الطبعة الاولى، كويت دار النشر السلفية.
10. خاڵ، شێخ محەمەد (١٩٣٨) فەلسەفەی ئاینی ئیسلام، سلێمانی چاپخانەی ژیان.
11. خاڵ، شێخ محەمەد (١٩٤٤) تەفسیری قورئان، گەلاوێژ (گۆڤار) ژمارە ١٢، ساڵی پێنجەم، کانونی یەکەم.
12. خاڵ، شێخ محەمەد (١٩٦٩) تەفسیری خاڵ؛ جزمی یەک، وەزارەتی کاروباری شمال.
13. خاڵ، شێخ محەمەد (١٩٧٢) مەولودنامەی نەوئەسەر یان تاریخی پێغەمبەر، چاپی دووەم، چاپخانەی کامەرانی- سلێمانی - کوردستان.
14. خاڵ، شێخ محەمەد (١٩٧٩) تەفسیری خاڵ؛ جزمی سێیەم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.
15. خاڵ، شێخ محەمەد (٢٠٠٥) فەرهەنگی خاڵ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر- کوردستان.
16. خاڵ، شێخ محەمەد (٢٠٢١) تەفسیری خاڵ ب٦، کۆ بەرهەمی شێخ محەمەدی خاڵ (٦)، ناوەندی هزری ڕۆشنبیری خاڵ.
17. خاڵ، شێخ محەمەد (٢٠٢١) ناڵەی دەروون، جزمی دووەم، کۆ بەرهەمی شێخ محەمەدی خاڵ (٦)، ناوەندی هزری رۆشنبیری خاڵ.
18. خەزنەدار، معروف (٢٠٠١) مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس.
19. ژیان (ڕۆژنامەی) (١٩٢٧)، ژمارە ٦٨، ٣١ مایس.
20. السرخي، شمس الدين (١٩٨٩) المبسوط، دار المعرفة للطباعة، بيروت، لبنان، الطبعة الثانية.
21. السيوطي، جلال الدين (١٩٨٥) حسن المقصد في عمل المولد، دار الكتب العلمية، بيروت -لبنان.

22. شمس، اسماعیل (کنال تلگرام کردستان نامه) https://t.me/kurdistanname/224
23. صاڵح، ئاراس محمد (٢٠١٣) هەوڵەکانی شێخ محەمەدی خاڵ لە بواری ئیسلاح و نوێکردنەوەی بیری ئاینیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ژمارە ٤٣.
24. صاڵح، ئاراس محەمەد (٢٠١٨) گوتارە تەفسیرییەکانی شێخ محەمەدی خاڵ لە گۆڤاری گەلاوێژدا، ناوەندی رۆشنبیری سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی- کوردستان.
25. قەرەداغی مستەفا (١٩٢٢) ، باسی تەدریساتی عەرەبی، پێشکەوتن (رۆژنامە) ژمارە ٨٩ و ٩٠.
26. کریمی، شرافت و دیگران (١٣٩٧) تحلیلی بر سیر تاریخی و انواع ترجمەهای قران کریم به زبان های فارسی و کردی، پژوهشنامه ادبیات کردی، سال چهارم شماره ٥.
27. کوردۆ، قەناتێ (١٩٧٣) ل بابەت نیڤسکار، زمان و ئەلفبایێ پەرتوکێت دینی ئێزدیان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد بەرگی یەکەم بەشی یەکەم، بەغدا- چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.
28. کۆیسنجاقی، رەسول ناجی (١٩٢١) مانی خۆمان لەبیر نەچێ، پێشکەوتن ژمارە ٨٧، ساڵی دووەم، ٢٢ دیسەمبەر
29. م. نوری (١٩٢٢) زمان، پێشکەوتن (رۆژنامە) ژمارە ٩١.
30. المدرس، ملا عبد الكريم (١٩٨٣) علماؤنا في خدمة العلم والدين، الطبة الاولى، دار الحرية للطباعة، بغداد – العراق.
31. مرواريد، علي أصغر (١٩٩٠) الينابيع الفقهية، - ج ٢٧.
32. المفتی، محەمەد رشاد (١٤٠٧) مەولود نامەی کوردی، چاپی سێیەم، چاپخانەی هەولێر.
33. نەریمان، مستەفا (١٩٧٧) بیبلۆگرافیای کتێبی کوردی ١٧٨٧-١٩٧٥، بەغدا.
34. النووي، محي الدين شرف (١٩٨٠) المجموع شرح المهذب: ج٣، مكتبة الارشاد، السعودية.
35. الهی، بهرام (١٣٦٢) `آثار الحق گفتارهایی از نور علی الهی، تهران انتشارات جیحون.
36. Chat CPT
37. چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر موحسین عەبدولحەمید، لە ٢٠٢٣/٩/٢٨ هەولێر.
38. Abdulla, Jamal Jalal (1980) Some Aspects of Language Purism among Kurdish Speakers, Ph.D. dissertation, University of York.
39. Ghaderi, F. (2022). Poetics of modernity and nationalism: Revisiting the emergence of modern Kurdish poetry. Literature Compass.

**The Impact of Kurdish Religious Discourse in Strengthening National Identity:**

**A Study of Sheikh Mohammed Khal's Works**

**Summary:**

This study examines the role of religious discourse written in Kurdish in enhancing Kurdish national identity, focusing on the works of Sheikh Mohammed Khal. It explores the intersection of religion and nationalism in the Kurdish context, where religious writings have served as a powerful tool in preserving the cultural and national identity of the Kurdish people, particularly during periods of oppression and attempts to erase Kurdish identity.

Through an analysis of Sheikh Mohammed Khal's books, the study investigates how he successfully employed religion as a bridge to strengthen national unity and a sense of belonging. It highlights the significance of his use of the Kurdish language in religious writings as a means of communicating with the Kurdish people in their mother tongue, which contributed to the preservation of Kurdish language and culture. The study also discusses the intellectual dimensions of religious discourse in reinforcing national identity, showing how religious principles were integrated with national values to foster unity and resistance against cultural erasure.

The study concludes that Kurdish religious discourse, through the writings of Sheikh Mohammed Khal, played a significant role in supporting and strengthening Kurdish national identity, becoming an essential part of the cultural and political struggle to maintain the uniqueness of the Kurdish nation.

**Key word:**

Religious discourse, national identity, Kurdish religious books, nationalism